# کەسایەتی ژن لە پەندی پێشینانی کوردیدا

د. پەخشان سابیر حەمەد/ زانکۆی سۆران/ کۆلیژی پەروەردە

## پێشەکی

یەکێ لەو بابەتانەی پانتاییەکی فراوانی لەنێو فۆلکلۆری کوردیدا گرتووە، پەندی پێشینانە وەك چڕکردنەوەی بیرو بۆچون و داب و نەریت و گشت لایەنەکانی کۆمەڵگاو داڕشتنی لە نێو ڕستەیەکی کورتی پڕواتاو بەهای ئێستاتیکاییدا .

بەشێکی زۆر لە نەستی کەسی کورد بە پەندی پێشینان ئاخنراوە، بۆیە زۆرجار بەبێ ویستی هانا بۆ پەند دەبات وەك قاڵبێکی ئامادە بۆ مەسەلەیەکی دیاریکراو بەکاری دەهێنێ، پەندی پێشینان جەختی لەسەر پەیوەندی و سنوری نێوان هەردوو ڕەگەزی (پیاو و ژن) کردۆتەوە، بۆیە پەندی پێشینان واقیعی کۆمەڵ دەردەخات، نەك بەشداری لە دروستکردنی بکات . هەرلەبەر ئەوەی پەندەکان خاوەنی قاڵبی دیاریکراون .

پێویستیەکانی ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگای کوردی سەرچاوەی دروستبونی پەندەکانن بەم شێوەیەی کە هەیە، لە ئاکامی نزیکی تاقیکردنەوەکانی نێو کۆمەڵ و بوونی زەمینەیەکی هاوبەشی هەست و سۆزی مرۆڤایەتی هێلی سەرەکی چەمکی گەلێك پەند لەنێو میللەتەکانی جیهاندا لەیەك دەکەن و ئاڵوگۆڕی لەنێوانیاندا کارێکی هەمیشەیی یە، بەڵام ئایا تاچەند ئەم پەندانە گیانی مانەوەیان دەپارێزن و بەکاردێن، تاچەند چەمکی هەندێ پەند کاڵ دەبنەوەو هۆکارەکانی کاڵبوونەوە چین . ئەمەو چەندین پرسیاری تر لە دوو توێی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا وەڵام دەدرێنەوە کە بۆ(کەسایەتی ژن لەپەندی پێشینانی کوردیدا ) تەرخانکراوە، چونکە ژمارەیەکی زۆری پەندی پێشینانی کوردی گوزارشت لە (ژن) و ڕۆڵە جیا جیاکانی لە ژیاندا دەکات .

ئەم لێکۆڵینەوەیە وەڵامێکە بۆئەوەی تا چەند ژن لە چوارچێوەی پەندی پێشیناندا وەکو مرۆڤێك باسکراوە، واتە باس لەلایەنی مرۆڤایەتی ژن کراوە، هەروەها سەرچاوەکانی دروست بوونی ئەم پەندانە کێن و چ جۆرە ڕۆشنبیرییەکیان هەڵگرتووە .

دەکرێ بڵێین هەموو ئەو پەندانەی لەبارەی ژنن بەستراونەتەوە بە ڕۆشنبیری و هەڵس و کەوت و ژیانی کۆمەڵگا لە قۆناغێکی دیاریکراودا کە توانای بەکارهێنانی بەردەوامیان بەپێی پێویست تێدا بەدی دەکرێت .

## پلانی لێکۆڵینەوەکە :

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم لەبارەی (کەسایەتی ژن لەچوارچێوەی پەندی پێشیناندا)یە، دوو تەوەر لەخۆدەگرێت : کە بریتین لە (کەسایەتی ژن) و (ڕۆڵی ژن لە پەندی پێشیناندا) . لەبەشی دووەمدا تاوتوێی (پەیوەندییە سەرەکییەکانی ژن لەنێو

پەندی پێشینانندا ) کراوە ، لە دوو تەوەر دەکۆڵێتەوە یەکەمیان ( پەیوەندی دایك و کچ) دووەمیان (پەیوەندی بوك و خەسو) لەبەرئەوەی پانتاییەکی زۆریان لەنێو پەنددا داگیرکردووە .

لە کۆتاییدا پوختەی ئەنجامەکان باسکراوە، دوواتر لەپاڵ لیستی سەرچاوەکان، پوختەی لێکۆڵینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو .

## بایەخی لێکۆڵینەوەکە :

بایەخی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوە دایە کە ڕێژەیەکی زۆری پەندەکانی پێشینانی کورد لەبارەی ژنن، زۆری ئەم پەندانەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆڵە جۆراوجۆرەکانی ژن لە قۆناغەکانی ژیاندا وەك دایك، هاوسەر، کچ، خەسو، بوك، ..........هتد .

هەروەها دەرخستن و دیاریکردنی چوارچێوەی هەریەکێك لەو ڕۆڵانەی لە کۆمەڵگادا هەیەتی و چۆنیەتی و ڕێژەی بەشداریکردنی لە بنیادنانی ژیانی نەتەوەی کورددا .

لەپاڵ ڕەچاوکردن و بایەخ پێدانی ئەم ڕۆڵە کاریگەرانە لەلایەن ڕەگەزەکەی تردا و چۆنیەتی هەڵسەنگاندنیان .

بایەخێکی تری ئەوەیە کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵم داوە ئاماژە بەزۆرترین پەند بکەم بەهۆی :

١- گرنگی خودی پەندەکان کە بوونەتە هۆکارێك بۆ هەڵبژاردنیان .
٢- بەشێکی گرنگی ڕۆشنبیری میللی کوردین و چەندین قۆناغی هەمەجۆر دەنوێنن .
٣- ببێتە سەرچاوەو بیبلۆگرافیایەك بۆ لێکۆڵینەوەی تر .
٤- ئەو پەندانە گرنگیان پێدراوە، کە زیاتر بەکاردێن و لەوانی تر بلاْوترن .
٥- پەندو واتاکانیان تاڕادەیەك شاراوەیە و لەژێر پەردەی لێکچواندن یا خواستن یا بابەتێکی ڕەمزی یا چیرۆك ئامێزی دایە .
٦- لەبەر گرنگی خودی هەندێ لە پەندەکان و فراوانیان لە زیاتر لە بابەتێکی ئەم لێکۆڵینەوەیە دووبارە کراونەتەوە .

بایەخێکی تر بەراووردکردنی پەندەکانە (واتە ئەو پەندانەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکارهاتوون) لەگەڵ پەندی هاوشێوەو هاوچەمکیان لەنێو ئەدەبیاتی فۆلکلۆری عەرەبیدا، بە مەبەستی لێکدانەوەی جیاوازی و هاوبەشی نێو هەردوو کلتوری کوردی و عەرەبی .

## گرفتەکانی لێکۆڵینەوەکە

بەهۆی بوونی کەمی سەرچاوەی تایبەت بە لێکدانەوەو شیکردنەوەو پۆلێن کردنی پەندی پێشینانی کوردی، دەشێ ئەم لێکۆڵینەوەیە ببێتە هەنگاوێك بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییەی لەم بوارەدا بەدی دەکرێت .

کۆکردنەوەی پەندەکان لەژێر ڕەشماڵی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەرکێکی تاڕاددەیەك قورس و سەخت بوو بەهۆی فراوانی پانتایی پەندی پێشینانی کوردی کە گوزارشتیان لە ژن و عەقڵیەت و کارو پلەو پایەی کردووە، لەپاڵ بوونی زاروشێوەزارەکان، لەهەر یەکێکیاندا زۆربەی پەندەکان بەدی دەکرێت، بەلاْم بەڕۆنانی جیاوازو بەخشینی هەمان واتاو چەمك.

**گرفتێکی تر هەموو ئەو دژایەتی و بیرو ڕا پێچەوانەو دژانە بوون کە لەبواری ڕەنگدانەوەی ژن لەنێویاندا بەدی دەکرێت . ئەمەش دەبێتە هۆی ئاڵۆزی و وەستانی زیاتر لەسەر پەندەکان ئەمە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە نیشانەی ئەو گۆڕانانەن کە لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا درووست بون .**

## ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

**سروشتی بابەتەکە ئەوەی خواستووە لە ڕێبازێك زیاتر بەکاربهێنرێت، وەك ڕێبازی وەسفی و شیکاری و ڕەخنەیی لە پەراوێزەکانیشدا هاوشێوەی پەندەکان بە زمانی عەرەبی یا هەندێ جار ئینگلیزییەکە خراوەتە ڕوو، تا ببێتە بنچینەیەك بۆ لێکۆڵینەوەیەکی بەراووردکاری لە داهاتوودا .**

## بەشی یەکەم /کەسایەتی ژن لە چواچێوەی پەندی پێشینان‌دا

### ١- کەسایەتی ژن

کەسایەتی ژن یا ئافرەت لە کۆمەڵێك ڕوانگەی جیاوازەوە لێی کۆڵدراوەتەوە وەك: دەرونزانی، کۆمەڵایـەتی، فسیۆلۆجی، ڕۆشنبیری،...هتد. لێرەدا کەسـایەتی ژن لـە ڕوانگـەی بەشـێکی ئـەدەبی فۆلکلـۆری کـە پـەنـدی پێشینانە دەخەینەڕوو.

وەك زاراوە (ژن)* لە نزیکەی (٣٥٠) پەند بەرامبەر بـە (ئـافرەت) کـە لـە (١٨) پـەنـدا هـاتووە و نـوێترن لـە پـەنـدەکانی تـر. لەمـەدا دەردەکـەوێت کـە ژن زێترتـر و لـە پانتاییـەکی فراوانـدا بـەکاردێت، بـەپێی شـێوازی پەندەکان دەگۆڕێت، بەڵام (ئافرەت) تا ڕادەیەك زاراوەیەکی نوێ یـە و گوزارشـت لـە شارسـتانیەت دەکـات و هەرچەندە هەست دەکرێ ناسکی و نەزاکەتێکی تێدایـە، کەچـی هێشتا ژن زیـاتر بـەکاردێت، (حورمـە)** وەك هێمای ژن لەیەك پـەنـدا هـاتووە. ژن لای کـورد وێنـەی شـەرەف و مـەردی و سـەرفرازییە....،شـانازی بـە ژن دەکەن و جیاوازی نیە لە نێوانیاندا تەنیا بە مەردایەتی و ئازایەتی و ڕۆڵی نەبێ لە ژیاندا بۆیە دەڵـێ (شـێر لـە

* (ژن) و (ئافرەت) ململانێی یەکی زۆریان لە نێواندایە، بیروڕا لـەسەر (ئافرەت) و سەرچاوەکەی هەمەجۆرە، وەك ئەوەی لە ووشەی ( العورە) هاتبێ، ئەمەش بەشێکە لە دەیان بەشی پێکهاتووی لەشی ژن ناشێ ناوی بەش بە باڵای گشت دا ببڕین، لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەش بەم مانایە و مانای تر هاتووە، لەبەر ئەوەی پەیکەری ئافرەت کراوەتە نیشانە و ڕەمزی خوای جوانی یۆنانی (Aphrodite) کە لە ووشەی ئافرەت نزیکە، هەروەها (ئافرەت Afrit )ی پەهلوی کۆن کە مانای وەدیهێنەر هاتووە، ئافرەتیش منداڵ وەدی دێنێ، لەگەڵ مانای (ئافرۆدیت)ی یۆنانی لێك نزیکن. ووشەی (ژن) لە زمانی فارسی و پەهلویش دا بە فۆنەتیکی (زەن) بە مانای مێنەی مرۆڤ هاتووە، سەدان ساڵە (ژن) لە کوردەواریدا بە هەردوو ماناکە بەکاردەهێنرێ. بۆیە هەردوو ووشەکە کوردین و وەك دوو کەرەستەی ڕەسەن، ڕەگە مێژووییەکەیان هەر چیەك بێت، هیچ کامێکیان لە سنوری موڵکی زمانی کوردی ناکرێنە دەرەوە. بڕوانە: بێستون سابور ئاوایی، ژن و لێپرسراوەتی، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژ(٣)، ساڵی یەکەم، ئەیلولی ١٩٧٧، ل١٣٢-١٣٣.

** حورمە (حورمە دامەنی خۆی دوژمنی خۆیەتی) بڕوانە: خالید جوتیار، دەشتی هەولێر، پەندو زاری شیرین، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥ ل٤٨.

بێشه دەرچیٚ، چ نێر چ میٚ)[1]تەنانەت دەپرسن (دەڵێن خزمت کیٚ یە؟ ئەڵیٚ هێشتا ژنم نەهێناوە)[2]خزم و کەس‌و ئاستی خزمەکانی ژن پیاوەکە دیاریدەکات، پیاوەکە دەچێتە نێو بازنەی کەس و کاری و تێکەڵیان دەبێت. دەبێتە یەکێك لەو خێزانە، ئەمەش دوو جەمسەری هەیە (خزمی ژنان بەرەرە، خزمی مێردە دەربەدەرە)[3]، زیاتر چوونە نێو بازنەی خزمی ژنان، لە نێو خزمی خۆی دووردەکەوێتەوە. مەرج نیە ئەمە پێوانەیەکی هەمیشەیی بێت، دەشیٚ گۆڕانی تێدا بکرێت. ژن لە کۆمەڵگای کوردی لە قۆناغە جیاجیاکاندا جێگەی باوەڕ و متمانەی گشت لایەك بووە. لەو باوەڕەدا بوون (برا ژنا چیٚ بە، برا ناڤ ئۆردییا عەسکەری بە)[4].

ژن هەمیشە جێگە و پلەوپایەکی بەرزی هەبووە، جێگەی شانازی بووە، بە چاوی ڕێزەوە سەیریان کردووەو بە بوونەوەرێکی ناسکیان داناوە. کە ووتویانە (ژن وماڵیان ووتووە)[5]، د.شوکریە ڕەسول لای وایە ئەم پەندە بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە (خێزان لە ژێر دەسەڵاتی دایك هاتە دەرەوە و چووە ژێر ڕکێفی باوکەوە ئەمەش لەکاتی ڕاوکردندا هەر بۆیە ووردەووردە ئەم دیاردەیە لە ئافرەتدا بەدی کرا و سەروەت و سامان و خاوەندارییەت چووە دەست پیاوەوە، ژنیش بوە کۆیلەی ماڵ و خواست و ئارەزووە جۆربەجۆرەکانی چووە دەست پیاوەوە ماڵ بوو بە ماڵی ئافرەت و پیاویش بوو بە سەرۆکی و کاروباری دەرەوە و بەخێوکردنی گرتەئەستۆ)[6] کەچی ئەم پەندە بۆ پاراستنی ناسکی ژنە نەك کۆیلەکردنی، چونکە ژن هەمیشە و لە هەموو

---

([1]) د.عیزەودین مستەفا ڕەسول: لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ل١٤١.یا(شێر شێرە، چ ژنە چ مێر)بڕوانە:مەلا مەحمودی د یرشەوی ،مشتاخا چیا،ل٢٠٢، یا( شێر هەر شێرە،چ نێر بێت چ میٚ)بڕوانە:حەمیدگەردی،سامان وپەندی گەردی، ل١٦٧ .

[2] شێخ محەمەدی خاڵ: پەندی پێشینان، ل٣٦. عەرەب دەڵێن (بلدك فين يا جحا، اللی فيها مراتی)، بڕوانە : ولید ناصیف، الموسوعة الذهبية، ص١٣٣. ئەمە لە ئاکامی پابەندبونی پیاو بە شوێن و مەلبەندی ژنەکەیەوە و پەسەندکردنی خزم و کەسی ژن دەبێت.

[3] ئیسماعیل حەقی شاوەیس: قسەی پێشینان گوستاولوبون،ل٢٠، لای شەبەکان بڕگەی یەکەم وەکو خۆیەتی بەڵام لە بڕگەی دووەمدا دەڵێن (خزمی زلامی چەدماتەرەن/خزمی پیاوان لە دواترە) یا (خزمی ژەنی ئێنچندا، خزمی زلامی وەرکوندەلانە/خزمی ژن لە پێشە، خزمی پیاو لە بەرکوندەلاٚنە) یا (خزمی ژەنی قاشوك مە پێکۆ، خزمی ریش دیربنیش/خزمی ژن کەوچك بژەن، خزمی ڕیش (واتە پیاو) لە دوو بنیش) بڕوانە: هەردەوێل کاکەیی، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی شەبەك، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٠٠.

[4] ڕۆهات ئەلاکوم، دفۆلکلۆریٚ کوردی دە، ل٦٣.

[5] ئیسماعیل حەقی شاویس: قسەی پێشینان،ل١٩ یا دەڵێن (جوانی ماڵ و خێزان بە ژنەوەیە) بڕوانە: حەمید گەردی، گوڵێك لە گوڵستانی کوردستان، ل٥٣، ئەمە ئەوپەڕی ڕێز و شانازیکردنە بە ژن. چینیەکان لایان وایە (ژن کلیلا ماڵێیە، هۆشیار بن بەزر نەکەن) بڕوانە: جگەرسۆز پیندرۆیی، ٢٠٠ پەند ژ جیهانیٚ، ل٨٣. عەرەب دەڵێن (المرأة خلقت لتسعد الرجل) ئینتەرنێت.www.balagh.com ، ژنیان بە سەرچاوەی بەختەوەری پیاو داناوە و پێیان وا بووە ماڵ و ڕێکخستنی بەشێکن لەو بەختەوەرییە، تەنانەت ئینگلیزەکان لایان وایە (Life without wife,like the kitchen without knife). واتە: (ژیان یا ماڵ بیٚ ژن وەك چێشتخانەی بیٚ چەقۆ وایە) بڕوانە: شادی ناصیف، قاموس الحكم و الامثال الانجليزية و معانيها، ط٢، دار الكتاب العربی، دمشق، القاهرة، ٢٠٠٩، ص١٨.

[6] د.شوکریە ڕەسول: ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چ١، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٧٢.

کاتێکدا ئەرکی ماڵەوە و ڕێکخستنی لەسەر شان بووە. سەرباری ئیشی دەرەوە، بۆ کەمکردنەوەی ئەرك و خۆتەرخانکردنی تەنیا بۆ ماڵ لە کاکامی ڕەنگدانەوەی بیروباوەڕ و داب و نەریت و ژینگەی کۆمەڵگا هەر لە قۆناغەکانی کچێتی، ژنێتی، منداڵبون، یا حاڵەتەکانی نەزۆکی، جوانی، مل کەچ بوون...هتد. ناکرێ بەشێك لەو پەندانەی لەبارەی ژنانن، دوور لە سەرچاوە پڕوپوچ وئەفسانەئامێزەکەی شی بکەینەوە کە ڕستەی پەندەکانن وبە شێوەیەك لە ژێر کاریگەری ناوەندە کۆمەڵایەتیەکەی دروست بوون. ئەم جۆرە پەندانە لەلایەن دەسەڵات و ڕۆشنبیری و تێڕوانینی پیاو سەریان هەڵداوە (دەرسی بە شەیتان دەدات)[7] یا (شەیتان مامۆستای پیاوە و قوتابی ئافرەتە)[8] ئەم پەندە تا ڕادەیەك پەندێکی جیهانی یە و زۆربەی نەتەوەکان ئەم تێڕوانینەیان هەیە* ئەم تێڕوانینە زەمینەیەکی لەبارەی پەیوەندی ژن و پابەندبوونی بە (شەیتان) دروست کردووە، وەك نمونەیەکی خراپەکاری و خاڵی لە چاکە و خێرخوازی، بەتایبەتی کە دەڵێن (جێی کە ژن لێی حاکم بێ، شەیتان نۆکەرە)[9]تەنانەت ژن بە سەرچاوەی دۆزەخ دەزانن، ئەمەش لە ئاکامی نەبوونی باوەڕبوون بە ژن سەری هەڵداوە، ژنی بە پەراوێز کردووە بەوەی بڕیارە سەرەکیەکانی ژیان بە دەست پیاوەوە بێت و خۆیان وەك جیهانێکی سەربەخۆ هەڵس و کەوت بکەن. بۆیە لەو باوەڕەدان (ژن قسە هەڵناگرێ)[10] یا (دەمی ژن هیچ کات پشودانی نیە)[11] لەبەر ئەم خەسڵەتەی ژن بە پەسەندی نازانن ڕاز و نیازی خۆیان لای ژنەکانیان بدرکێنن (قسێ دڵی خۆت، لۆ ژنی خۆت نەکە)[12] چەمکی باوەڕ نەکردن بە ژن و تواناکانی ڕێژەیەکی زۆر

---

(7) حەمید گەردی: سامان و پەندی گەردی، ل١١٦. لەم پەندەدا دیارینەکراوە کێ دەرس بە شەیتان دەدات بەڵام لە پشتی ئەم پەندەدا ژن بەدی دەکرێت، لە هەندێ شوێندا ژنیشی پێوەلکێنراوە.

(8) حەمید گەردی: گوڵێك لە گوڵستانی کوردستان، ل٩٠.

* چەمکی ئەم پەندە لای ئێرلەندییەکان بەدی دەکرێت، تەنانەت لەمەش زیاتر پێیان وایە ژن گرەو لە شەیتانیش دەباتەوە (المرأة تغلب الشيطان). ئەڵمان دەڵێن (مالايقدر عليه الشيطان تقدر عليه المرأة)، ئینگلیز دەڵێن (النساء حبائل الشيطان) عەرەبەکانیش هەمان پەندیان هەیە (النساء حبائل الشيطان) گوایا ئەمە ووتەی ابن مسعود (ر.ض)ە. بڕوانە: ابن فضل احمد الميداني: مجمع الامثال، ج٣ ، ص٣٨٤. دوور نیە لە ڕێگەی عەرەبەوە چوبێتە نێو کولتوری ئینگلیزی یان بە پێچەوانەوە. لە پاڵ ئەمەدا ئینگلیزەکان ئەمەشیان هەیە (قلب المرأة يخدع الناس لان الشيطان يموج فيه) ئیسپانیەکان (قبل ان يخلق الله الرجل، خلق الشيطان المرأة) واتە لایان وایە تەنیا پیاو دەستکردی خوایە، کە چی ژن شەیتان دروستیکردووە، ئەمە مەگەر ئەفسانە بێت، لە ڕاستیەوە دوورە و زیاتر خوازەیە بۆ توانا و زیرەکی ژن، سەرباری مەکروفێڵ. رومیەکان دەڵێن (عندما يبلع الشيطان المرأة لايستطع هضمها) هندیەکان (حتى الشيطان يرفع يدية بالدعاء ليأمن شر المرأة) فەرەنسی (المرأة معمل اسلحة الشيطان) یا (اذا اخفق الشيطان فى التسرب الى مكان اوفد امرأة). بڕوانە: **الامثال الشعبية** www.balagh.com .

(9) حەمید گەردی: سامان و پەندی گەردی، ل٨٩. تاکو ئێستاش ژن پلەوپایەی (حاکم)ێتی وەرنەگرتووە بەڵام حاکم لەو پەندە مەبەست گەورەی ماڵ و هێزی سەرەکی یە.

(10) سید عبدالحميد حيرت سجادى: پند پشنان، جلد دوم، ل٦٥٧. عەرەب دەڵێن (ماشق على المرأه ان تكتم سراً) ئینتەرنێت. **الامثال الشعبية** www.balagh .com

(11) کاروان عوسمان: پەندە باوەکان، ل٦٠.

(12) حەمید گەردی: سامان و پەندی گەردی، ل١٧٧. هەروەها دەوترێ (بەڵام ژنە و، دەرد دڵ مەکە) یا (بەلای ژنە و راز دڵت مەیژە). بڕوانە: سید عبدالحميد حيرت سجادى: پند پشنان، جلد اول، ل١٠٣. عەرەب دەڵێن (صدرك اوسع ليسرك). بڕوانە: ابى الفضل احمد الميداني: مجمع الامثال ج٢، ص٢١٨. لەوانەیە درکاندنی نهێنی یەکە ببێتە مایەی ئازاردان یا تەنانەت خوێن

زوڵمی بەرامبەر ژن تێدا بەدی دەکرێت، چونکە وەك چۆن (مێر ژی هەموونەیەکن، ژن ژی هەموو نەیەکن)[13] کەواتە ناشێت هەموو ژنێك ئەم حوکمانەیان بەسەردا بدرێت، کاتێ ئەم جۆرە پەندانە نەماوە کە ئاڕاستەی ژن بکرێت، لە بەرئەوەی ئەو نمونانەی بونەتە مایە و سەرچاوەی دروستکردنیان کەم و دەگمەن بوون، لە کاتی خۆشیدا هەر کەم و دەگمەن بوون. بەڵام خەڵك لە ژیانێکی سادەدا بوون و بە سادەیی دەیانڕوانییە دیاردە و بابەتەکان، پەندێکی لەم چەشنە (زۆرکەم ژن ئەوەستێ بیربکاتەوە، مەگەر لەبەر ئاوێنە)[14]، ئەمە ناشێ بۆ هەموو ژنێك بەکاربهێنرێ، لەگەڵ ئەو هەموو ڕۆڵە پڕ بایەخەی لە ژیاندا دەینوێنێ؟ بۆیە ئەم جۆرە پەندانە بۆ ئێستای کۆمەڵگای کوردیدا ناشێن و لەگەڵ لۆژیکدا ناگونجێن، بڕگەی دووەم دەلالەت لەوە دەکات کە بیر لە جوانی خۆی دەکاتەوە نەك بابەتێکی تر، دەشێ لە قۆناغێکدا وابوبێت، چونکە ژن زیاتر نەخوێندەوار بوون، ئەمەش پێوانەیەکی ووردنیە، چونکە هەمیشە بەشداری ئیش و کارەکانی ژیانیان کردووە، بەڵام بۆ ئێستا بە هیچ شێوەیەك بەمشێوەیە نی یە.

(جاران لەگەڵ ناوچە و شوێن دا مافی ژنی کورد بە یەکجاری پێشێل کرابوو،ژن لە ئاهەنگی شایی و زەماوەندا نەبوایە ببڕای ببڕ تێکەڵ بە پیاو نەدەبوو، لە زۆر کار و پیشەدا بیروڕایان وەرنەدەگرت، ئەگەر پرسیشیان پێ بکردایە بە قسەیان نەدەکرد، وەك لەم پەندەدا بەدی دەکرێت (پرست پێ دەکەم بە قسەت ناکەم)[15] کە لە دوو ڕستەی دژ بەیەك دروست بوون کە گوزارشت لە دژایەتیەکانی ژیان دەکات بە تایبەتی سوك تەماشاکردنی بیری ژن، پیاوان بەم جۆرە شێوازە ڕێنمایی دەکرێن. لە چوارچێوەی پەندی پێشینانداا دەردەکەوێت کە زیاتر گرنگی و بایەخیان بە ناوەڕۆك دابێت نەك ڕوخسار، پێیان وابووە ڕوخسار نامێنێ و

---

ڕشتن، بۆیە دەڵێن: (سرك فی دمك) هەمان سەرچاوە، ل١٢٣. هەروەها (لاتبیح سرك الی مرتك). بڕوانە: نبیهەاحمد الزبیدی، الامثال الشعبیة و الواقع الاجتماعي، ص١٢، یا (یا مشاور النسوان یا خسران) یا (اللی یفضح سره لمراته تعایره طول حیاته) یا (اللی یسمع کلام مراته تکثر نکباته) ئینتەرنێت. سەرچاوەی هەمویان ئەوە بە پەسەند نازانێ پردی ڕاز ئاشکراکردن لە نێوان پیاو و ژندا هەبێت، ئەمەش هیچ جۆرە ڕەوایەتیەکی تێدا نابینرێ. شەبەك دەڵێن (چەتازە کیسە پارە قەرت نەکەرە، چەلای ژەنی هێت سڕی دڵت ناچە، چەنی حوکمت برا دوری نەکەرە/ لە تازەکیسە پارە قەرز مەکە، نهێنی دەرونت بۆ ژنەکەت ئاشکرا مەکە، لە تەکێ حکومەتدا دۆستایەتی مەکە) بڕوانە: هەردەوێل کاکەیی: پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی شەبەك، ل٨٦. چیرۆکی ئەم پەندە لە پەراوێزی (٤)ی هەمان لاپەڕەدا بەدی دەکرێت.

(13) مەلا مەحمود دێرشەوی: مشتاخاچیا، ل٧٩.

(14) شێخ محەمەدی خاڵ: پەندی پێشینان، چ٢، ل٢٣١.

(15) هەردەوێل کاکەیی: داب و نەریتی کوردەواری، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٨٩، ل[17] یا (ژن پرسی پێ بکە، بەڵام وەك ئەلقە لە گوێی مەکە). بڕوانە: هۆشیار نوری لەك، گوڵبژێرێك لە پەندی کوردی، ل[33]. یا (پرسی بە ژنێ بکە بەڵام بە گوێی مەکە). بڕوانە: محەمەدی مەلا قادر: پەندنامەی ئاوارە، ل[87]. عەرەب دەڵێن (شاوروهن و خالفوهن). بڕوانە: نبیهە احمد الزبیدی، الامثال الشعبیة و الواقع الاجتماعي، ص[13]. یا (استشر زوجتك دائماً ثم نفذ ماتراه انت) ئینتەرنێت الامثال الشعبیة www.balagh.com. ئەمە لەگەڵ چەمکی پەندە کوردییەکە یەك دەگرێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئینگلیز جەخت لەسەر پرس کردن دەکەنەوە (Advice is ever in want)(لاخاب من استشار) ئینتەرنێت الامثال الشعبیة www.yahoo.com . دیارینەکراوە پرس بە کێ بکرێت، بۆیە ئەمە ناوەڕۆکی پەندەکانی تر هەڵدەوەشێنێتەوە، هەمیشە پرسکردن باشترە.

دەگۆڕێت، ئەوەی بمێنێتەوە هەر ناوەڕۆکی جوانە و جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە (ڕەوشتی ژن لە زێڕ چاکترە)[16].

کورد زۆر بە ووردی لەم لایەنەی ڕوانیوە و لە ئاکامی تاقیکردنەوەیەکی دوورودرێژ بەم ئەنجامە گەیشتووە، ڕەوشتی ژنیشیان بە حەیا و ناموس بەستۆتەوە، لەو ڕوانگەیەوە ووتویانە (جوانی ژن لەبەرچاوانە، حەیاوناموس لەبەر دڵانە)[17]چونکە جوانی شتێکی کاتی یە و دەشێ بەهۆی ساکارترین شت کز بێ و بەرەو نەمان بچێ. بەڵام زانین و ئیش و کاری ڕێك و کەسێتی چەسپاو و شیاو هەمیشەیی یە و دەمێنێتەوە، دەبێتە مایەیی شانازی بۆ بنەماڵە و کەسوکاری ژنەکە، نمونەی حەپسەخانی نەقیب و خانزادی سۆران، سەرچاوەکان هێندەی باس لە کەسایەتیەکانیان دەکەن، باس لە ڕوخساریان ناکەن، هەر بە هۆی ئەو کەسایەتیەیان بووە چوونەتە نێو لاپەڕەکانی مێژوو.

لە ئاکامدا ڕقی پیاو، بە تایبەتی ئەو پیاوانەی لە ئەنجامی ئەزموونێکی خودی خۆیانەوە بەرامبەر بە ژن لایان گەلاڵە بووە، بۆتە مایەی:

١- ڕۆڵی ژن و بەشداریکردنی لە ژیانی کۆمەڵایەتی، کەم و کورِی تێ بکەوێت و نەتوانێت وەك پێویست ئەرکەکانی جێ بە جێ بکات.

٢- تێڕوانینێکی هەڵە لە بارەی ژن بڵاوبێتەوە، لە هەمان کاتدا گشتاندنی بۆ بکرێت، هەموو ژنەکان بخەنە نێو بازنەی چەمکی ئەو پەندەی دروستیان کردووە.

ئەم ڕق و کینەیە گەلێ نمونەی پەندی دروستکردووە، وەك (مارمیلۆقی قژنێ، یەك نەمێنێ لە ژنێ)[18] تەنیا ڕەنگدانەوەی هەستەکانی خودێکی خاوەن ئەزموونی شکستەیە، ناشێ بڵاوبکرێتەوە، هەر لە ئەنجامی شکستی هەندێ خودی دیاریکراو ئاگاداری ئەوانی تر دەکرێتەوە و ترسێکیان پێ دەبەخشرێت. بە مەبەستی خۆپاراستنیان لە هەندێ جۆری ژن وەك: (لە دیوار شکستە و ژن سەلێتە و سەگ دەرەندە، خۆت بپارێزە)[19] ژنی زاڵیان هێناوەتە ڕیزی دیواری ڕوخاو و سەگی هار کە هەمان زیانیان هەیە و چەند دەکرێ مرۆڤ دەبێ هۆشیار بێ و خۆی لێیان دووربخاتەوە بەمەش وێنەیەکی دزێوتریان بۆ ژن کێشاوە و تەنانەت ئەم جۆرە پەندانە ترسێکیان لە ناخی زۆربەی پیاواندا دروست کردووە، هەندێك لایان وایە هەموو ژنەکان بەمشێوەیەن. بەمەش زوڵم لە ژن دەکەن، چونکە بەشێك لەو خەسڵەتانەی لە ژندا هەن دەشێ پیاو چاکسازییان بۆ بکات، ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر خۆی خاوەن کەسایەتیەکی چەسپاو و تەندروست بێت. (مار لە دەست ژنە، ژنیش لە

---

(16) حەمید گەردی: گوڵێك لە گوڵستانی کوردستان، ل١٣٩ یا (جوانی ژنان نە لە ڕەنگە، بەڵکەم لە ڕەوشتە) بڕوانە: محەمەدی مەلا قادر: پەندنامەی ئاوارە، ل١٠٤. یا (ئەسڵ نەکراسە، ئەسڵ ئەساسە)، واتە ژن بە ڕوخسار نیە، بەڵکو بە ڕەوشت و پەروەردەیە، چونکە پێیان وایە (جوانی سێ ڕۆژ باس دەکرێ، مەعریفەت هەتا هەتایە). محەمەدی مەلا قادر، پەند نامەی ئاوارە، ل١٠٤.

(17) هۆشیاری نوری لەك: گوڵبژێرێك لە پەندی کوردی، چ٢، ل٤٠.

(18) عومەر شێخ الله عەلی: پەندی کوردی، دار الحریة للطباعة، بغداد، ١٩٨٠، ل١٦٥.

(19) سید عبدالحمید حیرت سجادی: پند پیشینان، جلد دوم، ل٤٤٣. خانەقینی شێوەکەیان توندترکردوە چونکە یەکسەر دەڵێن (مقەیت خوەد بە لە دیوارشکستە و سەگ دڕەندە و ژن سەلیتە ) بڕوانە: نەجم خالد ئەلوەنی، پەند و قسەی کوردی شاری خانەقین، چ١، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٧٢. یەکسەر بە هۆشیارکردنەوە دەرگای پەندەکەیان کردۆتەوە. لە شێوازی سەرەوەدا بەم شێوەیە توند نیە.

دەست پیاوە)[٢٠]، لەبەرئەوە (ماڵی بێ ژن وەکی کاولە ئاشی یە)[٢١].ژن لە چوارچێوەی ماڵدا کاریگەرییەکی زۆری هەیە، هەرچەندە دەسەلاتێکی زۆری هەیە و دەسەلاتیشی دیاریکراوە لە هەمان کاتدا* ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە دیدی ئیسلامدا (ژن کراسی بەری پیاوە)[٢٢]، هەردووکیان تەواوکەری یەکترن و کاریگەرییان بەسەریەکەوە هەیە و دەبێت، هەردەم هاوسەنگی و هاوشانییان باشترین ڕێگەی ژیانە، نەك تای تەرازووی ژیان بەرەو لایەکیان بێت.

هێشتا کۆمەڵگای کوردی بە تەوسەوە دەڕوانێتە ئەو پیاوانەی ژێر دەستەی ژنەکانیانن، وەك (مێرێ بەر دەستێ ژنێ ،ئەو مردییە کە لە ناو دوو دارانە)[٢٣] لایان وایە کەسایەتیان لاواز دەکات و دەسەلاتیان ناهێڵێ دوور نیە ئەوەی ئەو پەندە ی داهێناوە لە نێو ئەو ئەزموونەداژیابێ ، لە بەرامبەر ئەم دیمەنە، دیمەنێکی تر بەدی دەکرێت، پڕە لە ڕق و کینە بەرامبەر ژن، وەرگێڕانی ئەم ڕقە (دارێك لەسەر سەگ، سەد دار لەسەر ژن)[٢٤]، بەمەش (ژن و سەگ) نەك بەس لە لێدان هاوبەش کراون، بەڵکو ژن ڕقی زیاتری ئاڕاستەکراوە. هەروەها کورد تێڕوانینی وایە (ژن و تفەنگ و مایین لە کن کێ بێ هی وییە)[٢٥]، ئەمەش دەلالەت لە ڕووی

---

(20) عومەر شێخ الله عەلی: پەندی کوردی، ل[١٦٥]. کورد لای وایە (پیاوێك پیاوبێ ژن هەر ژنە) بڕوانە: محەمەدی مەلا قادر: پەندنامەی ئاوارە، ل[٨٩]. دەسەڵاتی پیاو دەتوانێ لەگەڵ ژنەکەی گونجان دروست بکات، ژنەکەی هەرچۆنێك بێت، واتە بنچینەکە پیاو و کەسایەتی پیاوەکەیە.

(21) هەمان سەرچاوە.

* تێپەڕاندنی ئەم سنورانە بە زیان بەسەر ژن و خێزاندا دەشکێتەوە، ئەم چەمکە لای نەتەوەی تریش بەدی دەکرێت، ڕوس دەڵێن (الحرية تفسد حتى الزوجة الصالحة)ئینتەرنێت الامثال الشعبية www.balagh.com . مەبەست لە ئازادی بەزاندنی سنورەکانە. فەڕەنسیەکان دەڵێن (Cherchrrz la femme) هەمان سەرچاوە: واتە (لە ژن بگەڕێ) لەبەر ئەوەی لایان وایە ژن سەرچاوەی بەلایە، بۆ خۆپاراستن ژنی چاك بدۆزەوە.

(22) حەمید گەردی: گوڵێك لە گوڵستانی کوردستان، ل[٧٦]، سەرچاوەی ئەم پەندە ئایەتی (١٨٧)ی (سورة البقرة) یە کە تێیداهاتووە (هن لباس لکم و انتم لباس لهن). پەندەکە تەنیا یەك بڕگەی وەرگرتووە: هەروەها عەرەب دەڵێن (المره خيرها لجوزها و شرها لأهلها) بڕوانە: ولید ناصیف، اشهر الاقوال و الامثال و المصطلحات الشائعة، ص[٧٨]. ئەگەر ژن باش بوو لە چوارچێوەی ماڵەکەیدا کارەچاکەکان بۆ مێردەکەی و خێزانەکەیەتی، ئەگەر کێشە و گرفتی نایەوە زیاتر ماڵە باوك و خزم و کەس زەرەرمەند دەبن.

(23) محەمەدی مەلا قادر: پەندنامەی ئاوارە، ل[٢٦٠] ،یا (مێرێ بن دەستێ ژنێ، باشە بۆ مردنێ) بڕوانە: کەریم شارەزا، چۆن دژایەتی لە واتای ووشەدا خۆی لە پەندی کوردیدا نواندوە، گ ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١١٦)، کانونی یەکەم، ١٩٨٧، ل[١٤٥]، یان دەڵێن (ئاگری بدارەکا بتنێ وەك مێرێ بن حوکمێ ژنێ) بڕوانە: عومەر شێخ الله دەشتەکی: پەندی کوردی، ل[١١٦]. یا (بەمنەمنێ دەرناکەڤت ژ بەر حوکمێ ژنێ) بڕوانە: مەلا مەحمود دێرشەوی، مشتاخاچیا، ل[٤٦]، یا تەنانەت ئەم جۆرە پیاوە دەخەنە خانەی بێ عەقڵی و گێلی (سێ بێ ئەقڵ هەنە ل دنێ، ئێك مێرێ ل بەر حوکمێ ژنێ، دوو ئەوێ دچیتە ڕێکا بتنێ، سێ ئەوێ ل ژێهەلیا د کێشێت تیتنێ) بڕوانە: سایب محەمەد : پەند و شیرەت، ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ(٢٧)، ٢٠٠٤، ل[٤٨]، بڕگەی یەکەمی بۆ تەرخانکراوە بەمەش بۆتە بێ عەقڵی سەرەکی و پلەکەی کاریگەر و زۆرترە لە هی ئەوانی تر.

(24) حەمید گەردی: سامان و پەندی گەردی، ل[١١٣].

(25) شێخ محەمەدی خاڵ: پەندی پێشینان، چ٤، ل[٢٣٦]،یا دەڵێن (کورد ژ گشکا زەڤتر ژنا خوە، حەسپا خوە و چاکا خوە حەزدەکا)،بڕوانە:ڕۆهات ئەلاکۆم،ڕەوشا ژنان، ل[١٧] ئەمە تاڕادەیەك لەو فەرموودەیەی پێغەمبەر (د.خ) نزیکە (قال رسول الله:ان كان الشؤم فی شئ،ففی المرأة و الدار و الفرس) بڕوانة: مسلم بن الحجاج النیسابوری، صحیح مسلم، تحقیق: محمد فؤاد عبدالباقی، دار احیاء التراث العربی، بیروت، ص[٢٠٦-٢٦١]. واتە ئەم سێ شتە (ژن، خانوو، مایین) دەبنە هۆی نەگبەتی، چونکە دەشێ شەڕیان لەسەر درووست ببێت، بە بیروڕای د. شوکریە ڕەسول (بیروڕای ئایینی کۆنەپەرستی بەرامبەر ژن پێشان ئەدەن و

گۆڕان و بێ وەفایی دەکات، تا خاوەنی دیار نەبێت نازانرێ هی کێ یە، لە کاتێکدا ئەمە پەیوەندی بە بێ وەفایی نیە، پەیوەندی بە نهێنی غەیبەوە هەیە، چونکە کورد لەم بارەیەوە بڕوایان بە (قسمەت و نسیب)* هەیە، (بوك لە هەسپێ یە، کەس نزانە نەسیبێ کێ یە)[٢٦]. ئەمە لەگەڵ چەمکی ئەم پەندەی سەرەوە یەکدەگرێتەوە هەندێ جار چەند قۆناغێك لە پەنددا ڕەنگی داوەتەوە و وەسف دەکرێن وەك (تاشوو نەکەیت میریت، کە شوت کرد گزیریت، کەسکت کرد پیریت)[٢٧] سێ قۆناغی ڕەگەزی مێ دیاریکراوە، یەکەمیان بۆ قۆناغی کچێتی یە تەشبیهە کراوە بە (میر) چونکە بەرپرسیارێتیەکی وای نیە و ئاسودەیە، لە بڕگەی دووەمدا کاتێ شودەکات و خێزان دروست دەکات دەبێتە خزمەتکار هێندە بەرپرسیارێتی و ئەرکی زۆر دەبێت، ئێش و کاری خێزانەکەی تەرخانکراوە بۆ قۆناغی دایکایەتی، بە پیری وەسف کراوە، لەبەر ئەوەی بەهۆی منداڵەکەی خۆی فەرامۆش دەکات، ئەمە سێ پەندن لە نێو قاڵبی یەك پەنددا.

تەنانەت هەریەك لە وردەکارییەکانی ئەم قۆناغانەشیان شی کردۆتەوە، هەستیان بە هەموو هەنگاوەکانی ژیان کردووە کە چۆن ڕۆڵیان لە گەورە بونی مناڵەکانیان هەبووە (هەستیان بەوە کردووە کە کچ خێراتر گەورە دەبێ وەك لە کوڕ—کوڕ ڕۆژانە بە قەد دەنکە گەنمێك گەورە دەبێت، بەڵام کچ بە قەد دەنگە جۆیەك)[٢٨] یا لە مەسەلەی منداڵبون و ئێش و ئازاری منداڵبوندا ژنە خاوەن ئەزمونەکان، گەیشتونەتە ئەوەی (حەفتت ببێ بە بونێ یەکت نەبێ بە چوونێ)[٢٩]، چونکە حاڵەتی لەبارچوون نەك تەنیا ئازارێکی جەستەیی بەڵکو

---

وەك مرۆڤی ناتەواو و بەد باسی دەکەن) بڕوانە: د.شوکریە ڕەسول: پەندی پیشینان و قسەی نەستەقی کوردی، ل١٠٠. بەڵام ئەمە وەك حاڵەت ئاماژەیان پێکراوە کە دەبنە هۆی سەرچاوەی ناخۆشی، ئەمە پەیوەندی بە ئایین نیە هێندەی پەیوەندی بە لایەنی کۆمەڵایەتی و کێشە و گرفتەکانی نێو واقیعی کۆمەڵگا هەیە. هێندیەکان لایان وایە (بناغێ هەمی شەڕا سێ تشتن زێڕ، ژن، عەرد) بڕوانە: جگەرسۆز پیندرۆیی: ٢٠٠٠پەند ژ جیهانێ، ل٣٢. (ژن) هاوبەشە لە نێوان پەندەکاندا، واتە یەکێکە لەو سەرچاوانەی کە دەبنە مایەی ئاژاوەنانەوە.

* شەبەك دەڵێن (ژەن واستە قسمەتا/ژن خواستن بە قسمەتە) بڕوانە: هەردەوێل کاکەیی: پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی شەبەك، ل١٤٢. بۆیە هەر کارەکەیان مەیسەر نەبێت دەڵێن قسمەت نەبووە، ئەم دەستەواژەیە دڵنیاییەك بە گیانی کەسەکان دەبەخشێ و لە زۆر شت دەیانپارێزێ، سنوری ئەم پەندە زۆر فراوان بووە، نەك بۆ خۆپاراستن بۆ هەموو شتێك بەکاریدەهێنن.

(26) مەلا مەحمودی دێرشەوی: مشتاخاچیا، ل٧٦. یا (بوك لەسەر زین دەگەڕێتەوە) بڕوانە: ڕێبوار جەمال: پەندی پێشینانی پشدەر، ل٦٩. یا (بوك لەسەر زینێ یا رسق و یانسیب) بڕوانە: عومەر شێخ الله دەشتەکی: پەندی کوردی، ل٩٣. ئەمەلای ئینگلیزەکانیش بەدی دەکرێت دەڵێن (Marriages are make in heaven/هاوسەرێتی لە ئاسمان دروست دەبێت) بڕوانە: عەبد کەیوان: فەرهەنگی پەندی ئینگلیزی، و: هەرمێن چینی، ل٧٢. عەرەب دەڵێن (الزواج قسمة و نصیب) ئینتەرنێت، یا (العروس بتنجلی ما بتعرف علی مین بتختلی) بڕوانة: مطیع المرابط: امثال دمشق الشعبیة، ص١٢٤. ئەمە لەگەڵێ ئەو پەندەی لای (مەلا مەحمودی دێرشەوی)دا هاتووە یەك سەرچاوەیان هەیە.

(27) حەمید گەردی: سامان و پەندی گەردی، ل٧٩. عەرەب بڕگەی سێ یەمیان بەجیا لە پەندێکدا دەرخستووە (اذا حبلت ذبلت) ئینتەرنێتwww.balagh.com. لە کوردیدا بەمشێوەیەش هەیە (تاکچی میری، کە شوت کرد گزیری، کە سکێکت کرد پیری) بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ: پەندی پێشینان، چ٤، ل١٣٠، لێرەدا دیاریکراوە کە دوای سکی یەکەم دەچێتە خانەی پیرییەوە.

(28) زەیتۆ شێخانی: پەندی پێشینانمان قۆناغی هەرزەکاری شی دەکەنەوە، گ/ڕامان، ژ(١٠٣)، ٢٠٠٥، ل١٥٢-١٥٣.

(29) کەریم شارەزا: ڕەنگدانەوەی دیاردە هاو دژەکان، گ کاروان، ژ(٦٠)، ١٩٨٧، ل٢١.

ئازارێکی دەرونیشی لەلا دروست دەکات، بۆیە دەڵێن (چ لەباربچێ، چ لە سواربچێ)[٣٠]،لەبەر ئەوەی بۆ ماوەیەك لە سکیا هەڵیگرتووە و پێی ماندوو بووە، لای وایە ئەگەر بمایە گەورە دەبوو، دوور نیە سوارێکی لێ دەرچووبا، لەگەڵ ئەوەشدا کورد حیسابی بۆ هەموو شتێك کردووە، (شاییت نەبێ بە بوونێ، شاییت ببێ بە ژینێ)[٣١] ژیانی منداڵەکە و بەردەوامی لە ژیاندا گرنگترە لە بوونەکە، چونکە زۆر هۆکار هەیە دەشێ منداڵ لەناو ببات، بۆیە پێویستی بە دابینکردنی مەرجەکانی ژیان و پاراستنی لە نەخۆشی، هۆکاری خراپ...هتد هەیە. بۆیە دەشێ لە نێو پەندی پێشینانی کوردیدا فەرهەنگێکی بابەتە پەیوەندارەکانی ژیانی کەسی کورد بەدی بکەین، تا ڕادەیەکی زۆر پەندی کوردی دادپەروەری تێدایە و مافی ژنی داوە و زوڵمیشی لێکردووە لە هەمان کاتدا گەلێ پاساوی بۆ هەندێ هەڵوێستی ژن هێناوەتەوە یا بەرپرسیارییەکانی کەم کردۆتەوە و پیاوی بە زەمینە بۆ زۆر هەڵوێستی نالەبار داناوە و گوناهەکانی خستۆتە پاڵ ئەو، (ئەگەر مێردی گوتی ژنێ عالەم دەرێن ئاغە ژنێ، ئەگەر مێر گوتی ژن چییە، حالەم دەرێن ناوی چی یە؟!)[٣٢] کەواتە پیاو ڕۆڵی لە پێکهاتەی کەسایەتی ژنەکەیدا هەیە و دەتوانێ بەشداری بکات لە تێڕوانینی دەوروبەر بۆ کەسایەتی ژنەکەی، لەبەرئەوەی بەشێکی بنچینەیی ژیانی ئەوە، لەبەر ئەوە کاتێ بیەوێ هێڵێکی بەسەردا بکێشێ بێ بنەما دەگاتە ئەوەی (مێرد ئەگەر لە ژنی خۆی بە هەنجەت بێ دەڵێ بۆ لە کاتی هەویر شێلان نێکان بادەدەی)[٣٣]، لە کاتێکدا کارەکە پەیوەندی بە چەندین جولەی دیاریکراو هەیە. ئەمە لە ئاکامی ناهۆشیاری بەدی دەکرێت. پەندەکان و سنوری بەکارهێنانیان لەو جێگەیەدا دەوەستێ کاتێ تاقیکردنەوەی هاوشێوە سەرهەڵنادا، یا دیاردەیەکی دیاریکراو کز دەبێ و بەرەو نەمان دەچێ وەك (ژن بە ژنی قوڕ بە سەری)[٣٤] و چەندین پەندی تر کە توانای مانەوەیان نەماوە. تەنانەت لە چوارچێوەی پەندی پێشینان دا لە ڕوانگەی کەمکردنەوە و سوككردنی کەسایەتی پیاو بە هۆی ژنەوە بووە (ئەگەر پیاوەکت بێ حەیاکرد ژنەکی تێبەردە، ئەگەر ژنەکت

---

(30) شێخ محەمەدی خاڵ: پەندی پێشینان، چ٤، ل١٥٢.

(31) سەدرەدین خۆشناو: پەند و ئیدیۆم لە ناوچەی خۆشناوەتی،گ/لاوك،ژ(١)،١٩٩٢،ل٥٨.

(32) عومەر شێخ الله دەشتەکی: پەندی کوردی، ل١٢٠. بە زۆر شێوەی تر هەیە (ژنێ مێردەکردی سەنگی، عالەم هەلسێ نایکا لەنگی) بڕوانە: شێخ محەمەدی خاڵ: پەندی پێشینان، چ٤، ل٢٣٦. چەمکی پێچەوانەی ئەم پەندە (ژنێ مێردەکردی ترۆ، عالەم هەڵسێ نایکا پەڕۆ) هەمان سەرچاوە، ل٢٧٣. لای ئینگلیز ئەم پەندە بەم شێوەیە ب( good hasband makes good fe wi/مێردی چاك هاوسەری چاك دروست دەکات).بڕوانە: عەبد کەیوان، فەرهەنگی پەندی ئینگلیزی، ل٤٣. تەنانەت لایان وایە (He that speaks ill of his wife dishonours himself) ئەمە لای عەرەبیش هەیە (من يتكلم سوءاً بحق زوجته، شخص حقير) هەمان سەرچاوە.ل٤٩. یا دەوترێ (اللى يقول لمراته يا عورة، تلعب بها الناس الكورة) بڕوانە: ولید ناصیف ، الموسوعة الذهبية، ص١١٣. واتە ئەگەر مێرد لای خەڵك ژنەکەی سوك کرد، خەڵکیش بە سوکی تەماشای دەکەن. پێچەوانەکەشی دەوترێت (اللى مطاوعها زلمتها بتدير القمر باصبعها) بڕوانە: وليد ناصيف، اشهر الاقوال و الامثال و المصطلحات الشائعة، ص٧٦. واتە ئەو ژنەی مێردی لەگەڵیدا بێت و پاڵپشتی بکات دەتوانێ پەرجوو ئەنجام بدات.

(33) محەمەدی مەلا قادر: پەندنامەی ئاوارە، ل٢٤٩.

(34) هەردەوێل کاکەیی: داب و نەریتی کوردەواری، ل١٣٣.

بێ حەیاکرد مندارەکی تێ بەردە)٣٥،لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر پەندی کوردی پـۆزەتیڤ لـە بـارەی ژن بەدی دەکرێت.

## ٢- ڕۆڵی ژن لـە پەندی پێشیناندا

ژن وەکو چەمکێکی گشتی لە نێو پەندی پێشینانی کوردیدا پانتاییەکی فراوانی گرتووە، بۆتە ئامانجێك بـۆ گەلێ وێنەی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ لە ژیاندا، هەندێکیان بەمەبەستی هێنانـەخوارەوەی پلەوپایـەی ژن، دەشـێ هەندێك لەو پـەندانە بۆ سـات و کـاتی لـە دایـك بـوونی و سـەرهەڵدانیان شـیاوبووبن، بـەوەی پـەنـد لـە ئاکـامی تاقیکردنەوەیەکی دیاریکراوەوە دروست دەبێت، بەڵام بڵاوبوونەوە و بەکارهێنانی تەنیا وەك پاساوێك بۆ سوك تەماشاکردنی ژن ناشێت. وەك (ژن ئاقری لە کۆشیە) یان (ژن پرچی درێژە لـە بـیردا کـورت و گـێـژە)* نـاکرێ ئەمانە گشتاندنیان بۆ بکرێ، هەرچەندە لە پەندی پێشینانی کوردیـدا وێنـەی پۆزەتیڤانـەی ژن بـە ڕێژەیـەکی بەرچاو بەدی دەکرێت.

لە شێواز و پێکهاتە و کەرەستەی ئـەم پەندانـەی تایبـەتن بـە ژن تێبینـی ئـەوە دەکرێت، کـە سەرچـاوەی دروست کردنی بەشێك لەو پەندانە ژنان خۆیانن. هەندێ جارێ تریش پەندەکان بە زمانی ئەو لەلایـەن ئـەوەی دیکەوە ووتراون.

هەر یەك لـە وێنـەکانی ئـەو بوونـەوەرە پـڕ لـە کێشەیە کـە (ژن)ە، لـە نێـو بەشـێکی پەندەکانـدا ڕاشـکاوانە گوزارشـتی لێکـراوە، وەك: کـچ، دایـك، هاوسـەر ، خەسـوو، بـوك، بێـوەژن...هتـد، هـەروەها گوزارشـت لـە خەسڵەتەکانی: سەربەرزی، زەلیلی، شکستی، سۆزداری، تـرس، شـەرم...هتـد کـراوە، بایـەخی ڕۆڵـی ژن لـە پەندی پێشیناندا بۆ بوونی ئـەم قۆناغـە هەمەجۆرانـە دەگەڕێتـەوە کـە بۆتـە هـۆی دەوڵەمەنـدکردنی سـامانی پەندی پێشینان، بۆیە (زۆرتر لەناو ژنانی نەخوێنـدەوارا بـەکاردەهێنرێ، دەتـوانم بڵـێم ئـافرەتی وامـان هەیـە هەرچی قسەوگفت و گۆی هەیە هەمووی هەر پەندی پێشینانە)[36]

---

(35) عومەر شێخ الله عەلی: پەندی کوردی، ل١١٨. لـە عەرەبیدا بەمشێوەیە یە (اذا اجیت تغلب راجل سلط علیه مرة، واذا جیت تغلب مرة سلط علیها عیل). بڕوانە: ولید ناصیف: الموسوعة الذهبیة، ص٤٧.

* ئەم پەندە لای ئینگلیزەکانیش هەیە (women have long hair and short wisdom) (ئافرەتان قژی درێژ و عەقڵی کورتیان هەیە) بڕوانە: عەبد کەیوان: فەرهەنگی پەندی ئینگلیزی، وەرگێڕانی: هەرمێن چینی، چاپخانەی چینی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل١٢٧. هەروەها بڕوانە: بشیر حوسێن سعدی: گوڵبژێر، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٨٦.

شوبنهوەر دەلی (ئافرەت ئاژەڵێکە پرچێکی درێژ و بیروڕای کورتی هەیە) بڕوانە: ئینتەرنێت/www.balagh.com لـە کاتێکدا (عقل المرأة نصف جمالها) بڕوانە: ولید ناصیف، الموسوعة الذهبیة، ص٢٥٩ . ئەمە وەك ستایش بۆ ئافرەت بەکاردێ، کاتێ عەقڵی لـە ڕێکخستنی کارەکاندا بەکاردەهێنێ . ئینگلیزەکان زیاتر لـە نەتەوەکانی تر هێرشیان کردۆتەسەر ژن و زۆر بە ڕقەوە لـە پەندی پێشینان لـە ژنیان ڕوانیەوە لایان وابوو (A cat has nine gives and a women has nine cats lives) (پشیلـە نۆ گیانی هەیە و ژن گیانی نۆ پشیلـە) بڕوانە: شادی ناصیف، قاموس الحکم و الامثال، ص١٧. واتە بە بەراورد لـەگەڵ گیان قایمی پشیلـەش ئافرەت چەندین پشیلـەیە لـە نێو یەك پشیلـەدا.

(36) شێخ محەمەدی خاڵ، پەندی پێشینان، چ٤، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١٠ .

خاڵێکی تری بایەخی ڕۆڵی ژن لەوەدا بەدی دەکرێت کە ژن خاوەن کەسایەتیەکی جیاوازە، ئەمەش بەو واتایە نا کە سنوورێکی فراوانی لەگەڵ ڕەگەزەکەی تردا (پیاو) هەبێ، بەڵکو هەردوو ڕەگەزەکە پاڵپشتن بۆ یەکتر و کەسیان بەبێ ئەوی تریان نابێت، وەك دوو ڕووی دراوێکن.

تەنانەت پیاو بۆ ژن چەشنی سێبەرە، وەك چۆن لەگەڵێ پەندی نێو نەتەوەکان بەتایبەتی نەتەوە عەرەبەکان ئەمە گوزارشتی لێکراوە (ظل راجل و لاظل حيطه)[37] هەرچەندە چەمك و ئەو تێڕوانینەی لەم پەندەدا هەیە، ئێستا بەمشێوەیە نەماوە، چونکە ژ ن لە شارەکاندا تاڕادەیەك بەهۆی بڕوانامە سەربەخۆییەکی بەدەستهێناوە. کۆمەڵگا بەهۆی ئەو پەندانەوە کە تایبەتن بە ژن پێوەندێکی توندی بۆی دروستکردووە، ئەمەش یارمەتی ڕەگەزی بەرامبەری داوە بەردەوام بێ لە زاڵکردنی دەسەڵاتی بەسەر ژناندا زۆرجار لە پشت کاری خراپەکاری و ناخۆشی و دووڕوویی و کێشە و گرفتدا ژنێك بەدیکراوە، یا دروستکراوە، گەلێ بابەتی نێگەتیڤی دراوەتەپاڵ، ژن وەکو ڕەمزێك بۆ گوناه لە هەندێك پەنددا دەخوێنرێتەوە، لە کاتێکدا لە سەرچاوە ئاینییەکاندا وەك یەکی لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت، هەڵسەنگاندنی کارەکانیان لە سزا و پاداشت و پلەوپایەی ژن دیاریکراوە، کەچی ژن لە کۆمەڵگای کوردیدا (لە دوولاوە چەوسابۆوە یەکەم لە لایەن زۆرو ستەمکارانی کۆمەڵەوە، وەکو مرۆڤێك، دووەم لەلایەن پیاوەوە بۆیە زۆر لە پەندەکان بەتایبەتی کۆمەڵایەتییەکانیان یان ئافرەت ووتونی یان بەسەر ئەوانا چەسپێنراوە و ملهوڕی بەرامبەریان کراوە)[38] .

ژن و خۆشەویستی و هاوسەرگیری و ئازادی و کاروبار و هەڵس و کەوتە تایبەتیەکانی لە نێو گەلێ لە پەندەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە، جگە لە هەندێ لە ئەرکەکانی ژن وەك منداڵبون و دایکایە تی یا بوونی کچ کە زۆربەی کات ژن گوناهبار دەکرێت، وەك ئەوەی ژن بەرپرس بێت لە بوونی کچ.

لە کاتێکدا (هەندێ پەندی پێشینانی کوردی کە هەردەم لەسەر زاری خەڵکی کوردە، کاریگەری دەروونیشی هەیە بۆ سەر ئافرەت وەکو: ژنی شەرمن شارێ دێنێ و* یا ژن کۆڵەکەیماڵە...هتد. ئەم پەندانە لەناو کۆمەڵدا هێندە بەجددی و دڵنیاییەوە لەلایەن خەڵکی گشتی باس دەکرێن ...، ڕاستەوخۆ کاریان کردۆتە سەر دەروونی ئافرەتی کورد، ژنی کورد لە پێناو ئەوەی کەسێکی پەسندکراو بێ بە گوێی پەندی یەکەم دەکەن و بە سیفەت شەرمنن، پەندی دووەمیش ئەوەیان لا دروست دەکات، کە ژن سەرداری ماڵە و بۆ ماڵ

---

(37) ئینتەرنێت، الامثال الشعبية / www.yahoo.com

(38) عەلی مەعروف شارەزووری، پەندی پێشینانی کورد، بەرگی یەکەم، چ١، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨١، ل٩

* دەوترێ (ژنا شەرمین ب میللەتەکێ، مێری شەرمین ب کراسەکی) بڕوانە: مەلا مەحمود د یرشەوی، مشتا خا چیا، ل٧٨، (میللەتێك) بەرامبەر بە (کراسێك) دانراوە، لە کاتێکدا میللەت گیاندار و زیندووە و کراس بێ گیان و کاتی و کەم بایەخە. شەبەکەکان دەڵێن (ئەگەر ژەن شەرم کەرۆ بشارێ مێژۆ، ئەگەر زلام شەرم کەرۆ بشانی نمێژۆ) واتە (ئەگەر ژن شەرمن بوو شارێ دێنێ، ئەگەر پیاو شەرمن بوو شانەیەك ناهێنێ) بڕوانە: هەردەوێل کاکەیی، پەندی پێشینان، ل٣٦). لە سۆرانیدا پیاوی شەرمن تەنیا شەیەك دەهێنێ بەڵام لای کوردە شەبەکەکان شانەیەکیش ناهێنێ کە نرخێکی وای نیە. هەروەها شەبەکەکان لایان وایە (ژەنی خاتین بە شەیێ عار مەگیرۆ/ ژنی خانم بە قسەیێ شەرم دەگری) هەمان سەرچاوە، ل١٤٢. واتە (شەرم) سنوور بۆ زۆر کاری نالەبار دادەنێ، نەك پێچەوانەکەی.

دروستکراوە، ئەو شەرمنیەی ئافرەت ئازادی لێ دەگرێ، لە بواری دەروونناسیشدا مرۆڤ یان ئازادە یان شەرمن)[39]

بە لاَم ئەو (شەرمن) یەی لە پەندی پێشیناندا هاتووە بە واتای ناز یا جۆرە مەکرێکی جوان وەك پەردەیەکی ڕازاوە دەبێت بۆ ئافرەت نەك ڕێگەگرتن لە ئازادی، چونکە (ڕۆژهەلاَتناسەکان زۆر بەلگە لە فۆلکلۆری کوردی وەرئەگرن بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کەوا کورد ژنی لەلا بەڕێزە و بە بەرزییەوە ئەڕواننە ئافرەت، لە مێژووی کورددا بەتایبەتی لە مێژووی ژیانی کۆمەلاَیەتی و ئابووریدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئافرەت بەزۆری هاوشانی پیاو بووە لە ئیش کردن و لە ژیانی کۆمەلاَیەتیدا)[40]، بۆیە ناشێ ئەم جۆرە شەرمە ڕێگر بووبێت لەبەردەم ئازادی ئافرەتدا. شەرمن وەکو سیفەت و خەسلەتێك لە پەندەکەشدا هاتووە، زیاتر مەبەست جەخت کردنە لەسەر لایەنی پۆزەتیڤی شەرم و پەردەیەکی ناسکی بە ژن دەبەخشێ، نەك بەو شێوەیەی کە لە سەرەوەدا لێك دراوەتەوە، چونکە (ژن ئەگەر دایە بێ شەرمی پێی لە دەلینگی دەردێنی)[41] یا (ژنی بێ شەرم وەکی چێشتی بێ خوێیە)[42] شەرمنی کراوە بە ڕەوشت باشی ئافرەت و بۆ پیاویش ڕەمزی بێ دەسەلاَتی و لاوازی کەسایەتیە و پاراستنی ناسکی و نەرم نیانی ژنە. پەندەکەی تریش (ژن کۆلەکەی مالە)[43] ، ژن وەك سەرچاوەیەك بۆ هەلسوڕاندنی کاروباری مالەوە تەماشاکراوە کە ئەرکێکی پیرۆزە و ناشێ پیاو ببێتە ئەو سەرچاوەیە. بە پێچەوانەی شیکردنەوەی ئەم پەندە لە بیروڕای یەکەمدا بۆ ئەوەیە کە ژن بۆ مالەوە دروستکراوە، بەلگەیشمان کارکردن و هاوبەشیکردنی ژنانە لە لادێ کاندا. هەمیشە کاروبارییان لە پیاوان زیاتر بووە و هەرگیزیش بەو چاوە سەیر نەکراون بە مالەوە پابەندیان بکەن.

ژن لەلای کورد وێنەی شەڕەف و مەردی و سەرفیرازی و سەربەرزی و شانازیکردنە و بایەخێکی تایبەت بە خۆیان هەیە بە گشتی، بەلاَم باری سوك تەماشاکردن و کەمکردنەوەش هەیە، کە ڕەنگدانەوەی کەسێتی و جۆری ژن و ژینگە و هەلس و کەوتی تایبەتی خۆیەتی، خەلکانێك گشتاندن بۆ ئەم جۆرە پەند و چەمکەکانیان دەکەن کە دەلالەت لە نزمی ئاستی هۆشیاریان دەکات وەك چۆن ماناکەی لەو پەندە ئینگلیزییەدا بەدی

---

(39) مەهاباد قەرەداغی: لە پێناو ژیانەوەی ئافرەتدا، بەشی یەکەم، گ/ڕابوون، ژ(١٠-١١)، ١٩٩٤، ل٩١.

(40) د.عیزەدین مستەفا ڕەسول: لێکۆلینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چ٢، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩، ل١٤١.

(41) محەمەدی مەلا قادر، پەندنامەی ئاوارە، چاپخانەی خەبات، ١٩٨٥، ل١٦٥ .

(42) سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٧ .

(43) د.شوکریە ڕەسول لە (مێژووی کۆکردنەوەو لێکۆلینەوەی پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی) گ، کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی چوارەم، بەغدا، ١٩٧٦. ئاماژە بەو پەندە دەکات وەك پەندێکی کتێبی (کوردەکانی پشت قەفقاس، ت،ف،ئەریستەڤا، مۆسکۆ، ١٩٦٦، ل١٩٢) کە لە ڕوسیەوە کردویەتی بە کوردی. بەلاَم کوردەکانی کوردستانی عیراقیش پەندی هاوشێوەی ئەمەیان هەیە دەلێن (ژن ئاوەدانی مالە) بڕوانە: مەعروف جیاوك، هەزار بێژ و پەند، ل٣٩ یا (ژن وەك ئاڤاکارا مالێ) بڕوانە: ڕۆهات ئەلاکۆم، د فۆلکلۆرا کوردی دە، ل٥٦ یا کوردە شەبەکان دەلێن (ئافرەت بەننەی یا نەیا) واتە/ ئافرەت وەستای مالە، بڕوانە هەردەوێل کاکەیی: پەندی پێشینان، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢١، هەمووی بە مەبەستی ڕۆل و بایەخی ژن گوزارشتی لێکراوە، هەروەها ڕۆژهەلاَتناسەکان ئەم پەندەیان وەك بەلگەیەك بۆ هاوبەشیکردن و چالاَکی ژنی کورد هێناوەتەوە، وەك پالپشتی یەك بۆ پیاو، بڕوانە: د.عیزەدین مستەفا ڕەسول، لێکۆلینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ل١٤١.

دەكرێت (پەند و قسەی نەستەق ژێر دائەنێ و نەزان ئەیڵێتەوە)[٤٤] کە نەزانیش ووتیەوە لە شوێن و کاتی خۆیدا بەکاری ناهێنێ، دەكرێ سوود لە ئاینیەکان وەربگیرێ بە مەبەستی بەرەنگاریکردنی ئەو پەندە هەلأنەی کە هەن وبۆ کاتێکی زۆر دیاریکراو ولە ئاکامی تاقیکردنەوەیەکی دیاریکراو وتایبەتدا ووتراون،ڕاست بکرێنەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا (پەندی چاك چاکە بۆ هەموو چاخێ)[٤٥] مەبەست لەو پەندانەیە کە بۆ هەموو کاتێکی ڕاستەقینە دەگونجێت بەکار بهێنرێت.

پیاو لە هەموو ڕۆشنبیرە مرۆڤایەتیەکاندا خۆی لە ژن جیاکردۆتەوە و خۆی لەسەروی ژن داناوە بە شێوەیەك کە شایان نەبێت ڕەخنەی ئاڕاستە بکرێ، پلەوپایە و شوێنێکی بۆ خۆی داناوە، کە ئەستەم بێ ژن پێی بگات، بۆیە چەندین خەسڵەتی نێگەتیڤی بە ژن بەخشیوە، ئەوەی ئەم حاڵەتەی دروستکردوە ئەوەیە پیاو هەر لە کاتی پەروەردەکردنی منداڵیەوە وا ڕاهێنراوە کە خۆی هەمیشە لەسەر هەقە ئەو سەرچاوەی دەسەلأت و چارەسەر و تەنانەت هەموو شتێکە، بۆیە تێڕوانێکی تا ڕادەیەك نزمی بۆ ئافرەت هەیە.

هەرچەندە زانستی دەروونی ئەزمونگەری ئەوەی دەرخستووە کە مێینە ئەم خەسڵەتانەی هەیە وەکو[٤٦]:

– کەمتر دژ بوون (دژایەتی کردن)

– کەمتر بایەخ دان بە شتی زانستی.

– زیاتر نەرینی بوون.

– کەمتر سەربەخۆ بوون...هتد.

هۆکارەکانی ئەم خالأنەش دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی پەروەردەکردنی کچ و ئاستی هۆشیاری پەروەردەکەرەکان (بەو جۆرە ژن لە هەموو ئاستەکاندا، لە هەبون و بەها، سەربەستی و داهێنانیدا، خۆی بە گەمارۆدراو دەبینێتەوە و ئەوە بەدیدەکات کە دەسەلأتی نێر بەردەوام خۆی بۆ ماتداوە، تەنانەت ئەگەر بارودۆخ و عەقڵیەتەکانیش گۆڕان و ژن توانی لە ڕێگەی نوسینەوە ئارەزووی یەکسانبون بە پیاو دەربڕێت)[٤٧]، هەرچەندە ئافرەت تەوەری سەرەکی ژیانە لە چوارچێوەی ماڵدا و لە پاڵ ڕەگەزەکەی تردا، نمونەی ئەم تەوەرە بە پێی جۆری کەسایەتیەکان لە پەندی پێشیناندا ئاماژەیان پێکراوە، کە تێیدا سیمای ژیانی کۆمەلأیەتی و چۆنیەتی هەڵس و کەوت و ڕۆڵی لە داب و نەریت و بۆنەکاندا کێشراوە.

وێنەی ئافرەت بەند بووە بە خۆشەویستی و میهرەبانی و جوانی و زیرەکی و فێڵ و مەکربازی... هەندێك جاریش کەم عەقڵی و نەزانی و پەراوێزکردن. خودی ئافرەتیان بەستۆتەوە بە چەندین پێوەندی کۆن، کە یارمەتی پیاوی داوە بەردەوام بێت لە زاڵبونی بەسەر ئافرەتدا،بەلأم (ژمارەی ئەو پەندی پێشینان و قسە نەستەقانەی گرنگی ئەدەن بە ئافرەت لە ناو خێزان و کۆمەڵدا و لەو پەندی پێشینانە زیاترن کە بە چاوێکی

---

(44) عوسمان شارباژیری،گولشەن، چاپخانەی شمال، کەرکوك، ١٩٦٩، ل[٣٤].

(45) هەمان سەرچاوە، ل[٣٤].

(46) مەهاباد قەرەداغی: لە پێناوی ژیانەوەی ئافرەتدا، بەشی یەکەم، ل[٨٨].

(47) دڵسۆز حەمە: تیشکێك بۆ سەر بزوتنەوەی ژنان لە کوردستان، گۆڤاری ڕێبازی نوێ، ژ(١)،١٩٩٥، ل[٢٢].

نزم تەماشای ئافرەت ئەکەن)[٤٨] ئەمەش حاڵەتێکە لە نێو پەندی گەلێ نەتەوەی تردا بەدی دەکرێت، لەوانەیە بە ڕێژەیەکی زیاتریش

بێت. چونکە ڕۆژهەلاتناسەکانیش* جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە ئافرەتی کورد بەختەوەرە بە بەراورد بە ئافرەتی گەلێ نەتەوەی تر، هەرچەندە (ژنی کورد کێشەی فێربون و تێکەلاوبونی ژیانی کۆمەلایەتی هەیە لە ئاستە بەرزەکانی ئیدراك و ئەرکە سیاسی و فەرهەنگیە نوێیەکاندا)[٤٩]، چونکە بە درێژایی ڕۆشنبیری مرۆڤایەتی پیاو ویستویەتی خۆی لە ئافرەت جیابکاتەوە و هەڵس و کەوت و بیر و شێوازی خۆی بە شێوەیەك پیشان بدات کە ڕەخنە هەڵنەگرێ و لە پایەیەك بێت ئافرەت پێی نەگات.

پیاو هەلوێستێکی بەرامبەر ئافرەت وەرگرتووە، ئامادە نیە چاو بەم هەلوێستەی بخشێنێتەوە چونکە ئامادەیی ئەوەی تێدا بەدی ناکرێت خۆی خاڵی بکاتەوە لەو هەموو پاشماوانەی بۆی ماوەتەوە ئەمە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە نایەوێ کەسایەتی خۆی بگۆڕێ.

لەم ڕوانگەیەوە دەتوانرێت لە دوو جەمسەرەوە مامەڵە لەگەڵ زۆربەی پەندەکاندا بکرێت: جەمسەری پۆزەتیڤ و جەمسەری نێگەتیڤ، پۆزەتیڤەکە لەوەی هەمووی پەند و ئامۆژگاری و نمونەیە و لە ئاکامی تاقیکردنەوەیەکی کارەکی دروست بووە، لەلایەکی ترەوە وا لێك دەدرێتەوە کە کەلتورێکی زۆر خراپ و ڕەنگدانەوەی مێژوویەکی زۆر خراپ وا لە مرۆڤ دەکات ویستی نەمێنێ، لەبەر ئەوەی پەندەکان وەك دەقێکی تاقیکراوە ئامادەن لەبەردەمیدا.

ئافرەتی کورد وەك هەموو ئافرەتانی جیهانی، بە درێژایی مێژوو گیرۆدەی بێ مافی و زۆر و ستەمی کۆمەڵ بووە، ژمارەیەك لە داب و نەریتە هەرە ناشیرینە دەستکردەکانی ژیان ڕەگ و ڕیشەیان لەناوماندا داکوتاوە، لەلادێکان هێشتا ژن بە ژن و شیربایی هەرماون.[٥٠] هەرچەندە ڕێژەی ئەم دیاردانە زۆر کەم بوونەتەوە، بەلام هێشتا بنبڕ نەکراون. لە چوارچێوەی ئەو پەندانەی لە بارەی ئافرەتەوە ووتراون، بەشێکیان تەنیا خەسڵەتە خراپەکانیان دەرخستووە، لەسەرووی ئەو خەسڵەتانەش پارێزگاری نەکردنی نهێنی یەکانە، ئەمەشیان بەستۆتەوە بە باری دەروونی ئافرەتەکە، وەك (ژن کە تورە بوو، ئەو گۆزەیەی کە پڕە لە نهێنی ئەیشکێنێ).[٥١](لای ژنێکی لاڵیش ڕازی دلت دانێی، ئاشکرا دەبێت)[٥٢]یا (ئەقڵی ژنان لە کۆشیان دایە)[٥٣] ئەم گشتگیری کردنە بە هیچ شێوەیەك ڕەوانیە، چونکە دەشێ ژنێکی دیاریکراو بێت نەك ژنان بە کۆ، لەبەر

(48) د.شوکریە ڕەسول: مێژووی کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی، گ، کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی چوارەم، ١٩٧٦، ل١٠٠.

* بە لای د.کەمال مەزهەر زێدەڕۆیی لەلایەن ڕۆژهەلاتناسەکان بەدی دەکرێت، بەلام نیازی خراپیان نەبووە، بڕوانە: ئافرەت لە مێژوودا، چاپخانەی الحوادث، ١٩٨١، بەغدا، ل٧٤.

(49) دڵسۆز حەمە: تیشکێك بۆ سەر بزوتنەوەی ژنان لە کوردستان، ل٩.

(50) د.کەمال مەزهەر، ئافرەت لە مێژوودا، ل٧٦.

(51) شێخ محمدی خاڵ: پەندی پێشینان، چ٤، ل٢٣٥.

(52) کاروان عوسمان: پەندە باوەکان، چ١، ٢٠٠٦، ل١٠٩.

(53) محەمەدی مەلا قادر: پەندنامەی ئاوارە، ل٢١ . عەرەب دەڵێن (النساء ناقصات عقل و دين) ئینتەرنێت الامثال الشعبية www.balagh.com .

ئەوەی لە لاپەڕەکانی مێژووی کوردا چەندین کەسایەتی ئافرەت ڕۆڵێکی دیار و بالآیان نواندوە لە بوارەکانی ڕامیاری و کۆمەڵآیەتی و ڕۆشنبیری...هتد. نمونەی حەپسەخانی نەقیب و عادیلە خانم و خانزادی سۆران...هتد. دەشێ لە ڕەگەزەکانی تریشدا هەبێت، ئەم جۆرە ناوەڕۆکەی پەند ئەمرۆ شایانی بەکارهێنان نیە. لە بەشێکی تری پەندەکاندا تەنیا خەسڵەتە باشەکان بەدی دەکرێن، ڕێژەی ئەم جۆرە پەندانە زۆر زیاترن لەوانی دی، بۆ نمونە (ژن کانییا ژینێ)[54] یا (ژن ئاوەدانی ماڵێ)[55]، ئافرەتیان کردۆتە کەسایەتی سەرەکی ماڵ و ستون ئاسا بۆ ڕاگرتن و ڕێکخستن و بەڕێوەبردنی ماڵ. بەشێکیش لە پەندەکان وەك تەرازوو هەردوو جۆرەکە، واتە چاك و خراپیان خستۆتە هەردوو تای تەرازووەکە و بەراوردکردنیان بەمەبەستی خستنەڕووی جیاوازی نێوانیان ئەو خەسڵەتانەی کە دەبنەمایەی سەرکەوتن و خۆشبەختی و ئەو خەسڵەتانەی دەبنەمایەی وێران و تێکچوونی ماڵ. وەك: (ژن هەیە ماڵ وێران ئەکا و ژن هەیە ماڵ ئاوا ئەکا)[56] یا (ژن وەك هەنگە، یا هەنگوینت ئەداتێ، یا پێتەوە ئەدات)[57] ئەم جۆرە پەندانە لە دوو ڕستە پێك دێن بە هۆی (و) ی پەیوەندی بە یەکەوە دەبەسترێنەوە یا بە هۆی (یا) ی ئامرازی بەراورد و هەڵبژاردن. (ژنیش هەیە و ژانیش هەیە)[58] *، لەم پەندەدا نەك تەنیا ناوەڕۆکەکەی کە لە دوو بڕگە پێکهاتووە بڕگەی یەکەم (ژنیش هەیە) هەر خۆی واتای ئەوە دەگەیەنێ کە لە پاڵ ئەوەی ژن هەیە بە مانای تەواو کامیلی ژن، لە نێویاندا (ژانیش هەیە) کە لەم بڕگەیەدا ژنی دووبارە نەکردۆتەوە، بەڵکو بەهۆی خەسڵەتی (ژان)ەوە وەسفی کردووە، تا لە (ژن) ی بڕگەی یەکەم کە خەسڵەتی چاکەی هەڵگرتووە، جیابکاتەوە،دروست کەری سەرەکی ئەم پەندانەی لەبارەی ئافرەتن، پیاوانن، بەڵآم چ جۆرە پیاوێك، ئەو پیاوانەی کە خاوەن تاقیکردنەوەیەکی تاکەکەسی یا هەندێ جار بە سود وەرگرتن لە تاقیکردنەوەی کەسانی تر بیرۆکەکانیان لە قالبی پەندێکی دەستنیشانکردووە، جاری وا

(54) ڕۆهات ئەلاکۆم: د فۆلکلۆرا کوردی دە، وەرگێڕان، ئازاد عبدالعزیز، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.چ۲ ،هەولیر ،۲۰۰٦ . ل٥٤ .

(55) مەعروف جیاوك: هەزار بێژ و پەند، ل٣٩.د.شوکریە ڕەسول، مێژووی کۆکردنەوە و لێکۆڵینەوەی پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی،گ/ کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی چوارەم، ١٩٧٦، ل١٧٤ . بڕیار لەسەر گەلێ لە پەندەکانی (مەعروف جیاوك)دا دەدات کە لە پەندی عەرەبی یا فارسی وەرگیراون لە کاتێکدا مێژووی پەندەکان دیار نین ئەمە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە هیچ بەڵگەیەك نیە کە کورد لەو نەتەوانەی وەرگرتبێ، بۆ لە ڕێگەی ڕۆشنبیری کوردییەوە نەچوبێتە ناو ڕۆشنبیری ئەم نەتەوانە، ئەم جۆرە پەندانە هاوبەشن بەهۆی دراوسێتی و هاوشێوەی هەستە مرۆڤایەتیەکان . (لە بەر ئەوەی پەندی پیشینان ڕەوشت وخوو سروشت وژیری ودیمەنی ژیانی گەل دەخاتە بەرچاو کەوا لە لایەزور لە میللەتان پەندی هاوبەش هەیە)بروانە:د .عیزەدین مستەفا،لیکۆلینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ل١٠٦ .

(56) شێخ محەمەدی خاڵ: پەندی پێشینان، چ٤، ل٢٣٥.عەرەبیش دەڵێن (**المراة هی عمار البیت، و المرأةهی خراب البیت)بروانة:مطیع المرابط ،امثال دمشق الشعبیة، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٩٥، ص٢٠٣، الشاطرة تقضی حاجتها والخایبة تنده جارتها)بروانة:عکاشة عبد المنان الطیبی، موسوعة الامثال الشعبیة، دار یوسف، بیروت، لبنان، ٢٠٠٨، ص٢٣** .

(57) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٦ .

(58) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٧ .

* لەسەر هەمان کێش و ئیقاع دەوترێت (ژن هەیە و ژنۆکەش هەیە) کە بچوکراوەی ژنە و دەگەڕێتەوە بۆ هەڵس کەوتی، پەندی تریش هەن هەمان واتا دەبەخشن بۆ نموونە (ژن هەم دینە و هەم دین بەرە).بۆ زیاتر زانیاری لە بارەی ئەم جۆرە پەندانە کە لە زۆربەی سەرچاوەکاندا بەدی دەکرێت بە تایبەتی بڕوانە: محەمەدی مەلا قادر،پەندنامەی ئاوارە، ل١٦٦.

تاقیکردنەوەکـە گـشتێنراوە، ئەمـەش بـارێکی خراپـی دروسـت کـردوە، ناشـێ ئـەم بارەکـە تایبەتـە بـە تاقیکردنەوەیەك لە تاکەوە بگۆڕدرێ بۆ کۆ بە زمانی کۆ قسە بکرێت .

بەشێکی زۆر کەم و دەگمەن لە پەندی پێشینانی کوردی بەناوی ژنێکەوە بەدی دەکرێت وەك (ڕەزێ خـانێ ماڵ ئاڤایی لە خاتێ)[59] ئەمە تەنیا ناوەکان هی ژنن، ئەگەر نـا دەشـێ ئـەم پەنـدە ئاڕاسـتەی پیـاویش بکرێـت چونکە بابەتەکەی لەسەر ئەوەیە یەکێك چاکەی لەگەڵ دەکات، ئەو سوپاسی یەکێکی تر دەکـات، لـەم بـارەدا ئەم پەندە بەکاردەهێنرێت. یا لە پەندێکی تردا هاتووە (ڕۆژ لەسەر ئاڤا بوونـە فـاتێ دەلینگـی لـول ئـەدا)[60]* ئاڕاستەی ئەو ئافرەتە تەوەزەڵانە دەکرێت کە زیاتر خـەریکی ڕازاندنـەوەی خۆیـانن و کارەکانیـان فـەرامۆش دەکەن.

١- دەرکەوتنی ژن وەك کەسێکی چالاك نمونەی: دایك، هاوسەر، خەسوو، دش،...هتد.

٢- بەستنەوە و ناوهێنانی ژن لە بواری ئەو ئیش و چالاکیانەی کە تایبەتن بە ئـافرەت وەك: چێشت لێنـان و پاككردنەوە...هتد. دەتوانین بڵێین کە دەرکەوتنی ژن لە پەندی پێشینانـدا بەمشێوەیەیە:

٣- سیفەت و خەسڵەتە تایبەتیەکانی ژن یا ئـەو کەرەسـتانەی تایبـەتن بـە ئـافرەت وەك خشڵ و کەرسـتەی خۆڕازاندنەوە.

٤- واتای ئافرەت، هەندێك بابەت هەن دەبەسترێتەوە بە ژن بۆ نمونە پەنـدێکی وەك (نـە پـێڵاوی تـەنگ، نـە خانەی بە جەنگ)[61] جاران و ئێستاش تا ڕادەیەك شەڕوئاژاوە لە ماڵدا دەبەسـتنەوە بـە ژن وەك سەرچـاوەیەك بۆ دووبـەرەکی نانـەوە، بۆیـە ئـەم واتایـە لـە پـشتی ئـەم پەنـدەدا بـەدی دەکرێت، هـەر لەبـەر ئەوەشـە لای (پیرەمێرد)ی شاعیر ئەم پەندە بەمجۆرە خراوەتە دووتوێی دوو دێر هۆنراوە و دەڵێ:

پێخاوس بە و نەك پێڵاوت تەنگ بێ

بێ ژن بە و نەك لە ماڵتا جەنگ بێ[62]

٥- ژن بە پێی تەمەن و گۆڕینی ڕوخسار و سروشـتی نـاوەوە و چـۆنیەتی مامەڵـەکردنی لەگـەڵ دەوروبـەر و تێڕوانینی دەوروبەر بۆیان وەك (پیرەژن، بێوەژن،...هتد)

٦- بـاری دەروونـی ژن لەکاتـە تایبەتیـەکانی پەیوەنـدییان بـە خـودی ژنـەوە هەیـە، وەك: منـداڵبون، شەوە،...هتد. ئەو بابەت و ئەزمونانەی کە لەم بارانەدا لایان گەڵاڵە دەبێت.

---

(59) محەمەدی مەلا قادر: پەندنامەی ئاوارە، ل١٥٦.

(60) سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣.

* ئەم پەندە بەمشێوەیەش بەکاردەهێنرێت (ئێوارەی لە دەلینگان، سێ ڕێزەی لە کلاوی)، هەمان سەرچاوە، ل٣٤. بە هەمان شێوە ئاڕاستەی ژنی تەمبەڵ دەکرێت، کە کارەکانی لە کاتی خۆیدا جێ بە جێ ناکات.

(61) شێخ محەمەد خاڵ: پەندی پێشینان، چ٢، ل٤٥.

(62) کەریم شارەزا: پەندی پێشینان لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغدا، ١٩٧٦، ل١٤٢-١٤٣ . لە هەمان کاتدا ئەم پەندەش لای کورد باوە (ژنی بە دەنگ، پێڵاوی تەنگ، مەلای بێ دەنگ پەسەند نیە) لە زاری (حەنیفە ئەبوبەکر، ٥٢ساڵ، ٢٠٠٧/٢/٢٦، سۆران).

٧- ژن وەك سەرچاوەیەك بۆ جوانی و ڕازاوەیی، هەرچەندە ئەم جوانیە دوو جەمسەی هەیە باش و خراپ، هەندێ جار خراپەکە لە باشەکە زیاتر دەبێت، چونکە بە هۆی ئەوخەسڵەتەوە گەلێ کێشە وگرفتی بۆ درووست کردووە، بە تایبەتی کاتێ جوانیەکە بۆتە هۆکاری لە خۆبایی بوون .

٨- بەشێك لە پەندی پێشینانی کوردی گشتین و هەردوو ڕەگەزەکە دەگرێتەوە، واتە تایبەت نین بە ڕەگەزێکی دیاریکراو، بۆ نمونە کاتێ (هیچ کەس) بەکاردەهێنرێت وەك: (هیچ کەس بە دۆی خۆی نالێ ترشە)، (هیچ کەس بێ ئەجەل نامرێ)...هتد.

٩- ئەو پەندانەی دەچنە نێو ئەدەبی کراوە (الادب المکشوف)، ناوهێنانی هەندێ ئەندامی جەستەی مێینە وەك (مەمك،...هتد)* وەك جنێوێك و کەمکردنەوەی ژن بەکارهاتوون (جا چونکە پەند بە زمانی تێکڕایی گەلەوە ووتراوە لەبەر ئەوە ئەدەبی کراوەیشی زۆر تیایە، ئەگەر بێت دەستکاری بکرێ، ئەو پەندە تێك ئەچێ و نرخی نامێنێ)[٦٣] زمانە گشتی یەکە بۆتە هۆکاری ئەوەی ئەو ووشانەی وەکو جنێو بەکار دێن و پەیوەندییان بە جەستەی ژنەوە هەیە، بەکاربهێنرێن و لە ڕێگەی پەندەوە بێنە ناو ئەدەبیاتەوە.

## دووەم/ پەیوەندییە سەرەکیەکانی ژن لە نێو پەندی پێشینانداا

### ١- پەیوەندی دایك و کچ

پەیوەندی نێوان دایك و کچ پەیوەندییەکە لە نێو پەندی پێشینانداا چەندین جۆری لێ دەبێتەوە ، کە ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوە و تێڕوانینی کۆمەڵگای کوردییە بە پێی قۆناغە جۆربەجۆرەکاندا هەریەکەیان سەر بە قۆناغێکی مرۆڤن، یەکەمیان قۆناغی ژنێتی و دووەمیان قۆناغی کچێتی یە، بەڵام ڕەگەز و بنچینەیەکی هاوبەشیان هەیە، هەمیشە ناکۆکی لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت، هەمووجار ناکۆکی و ململانێ یەکە مەرج نیە نێگەتیف بێت، بەڵکو پەیوەندییەکی بەتین و تەواوکەری لە نێوانیاندا هەیە. باشترین بەڵگە بۆ هەردوو رووەکە (دایە ببینە و دۆتە بخوازە)[٦٤]، چونکە کچ دەچێتەوە سەر ڕێ و شوێنی دایکی خۆی لەبەر ئەوەی

---

* تەنیا دێدەوان یەعقوبی لە/ ژن ناسی لە پەندی پێشینانداا، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٢٨-٢٩، ئاماژەی بە بەشێك لەو جۆرە پەندانە داوە، هەرچەندە هەندێك نموونەی تێدایە، ئیدیۆمن، نەك پەند، لێکۆڵینەکەمدا ئەم جۆرە پەندانەم لێك نەداوەتەوە، چونکە لەلایەك تەنیا کەسانێکی دیاریکراوی ناهۆشیار بەکاریان دێنن، لەلایەکی ترەوە ئێستا بەهۆی پێشکەوتن و کرانەوەی کۆمەڵگای کوردی و بەرزبوونەوەی ڕێژەی خوێندەواری ئەم جۆرە پەندانە پشتگوێ خراون و بەکارنایەن.یان زۆر بە دەگمەن لە لایەن کەسانێکی ناتیگەیشتووەوە بە کاردەهێنرێن .

(63) جەمال بابان: قسە هەزارە و دووانی بەکارە، دەفتەری کوردەواری، بەرگی یەکەم، کانونی دووەم، بەغدا، ١٩٧٠، ل٦٧ .

(64) محەمەدی مەلا قادر: پەندنامەی ئاوارە، ل١٣٦. ئەم پەندە لای نەتەوەی تریش بەدی دەکرێت وەك لە ( چین) دەوترێت (میوە لە خاکی باش و کچ لە دایکی باش هەڵبژێرە) بڕوانە: کاروان عوسمان: پەندە باوەکان، ل١٠٦. یا دەڵێن (کچەکیهەڵبژێرە کو دایکا وێ یا باش و ڕەسەن بێت) بڕوانە: جگەرسۆز پێندرۆیی: ٢٠٠٠پەند ژ جیهانێ، سپرێز، دهۆك، ٢٠٠٥، ل٨١.ئیتاڵیەکانیش دەڵێن (ئەگەر تە کچەك ڤییا دایکا وێ بنیاسە) هەمان سەرچاوە، ل١٢٤ . یا (ئەگەر ئەڤییا کچەکێ بینی بەرێ خۆ بدە دایکا وێ کایا چاوانە) هەمان سەرچاوە، ل٨٢.هەنگارییەکانیش کورد ئاسا دەڵێن (تەماشای دایك بکە و کچەکەی بخوازە): ئینتەرنێت، لای کورد ئەمەش دەوترێت (دایە بناسە، دۆتە بخوازە).بڕوانە: هیوا عومەر ئەحمەد: پەندی پێشینانی کوردی، گ/بەیان، ژ٥٩، شوباتی ١٩٨٠، ل٦٩. (ناسین) قوڵترە لە (بینین)، بە شێوازێکی فەرمان ووتراوە وەك جەخت کردنێك لەسەر پێویسی ئەنجامدانی ناسینەکە پێش هەرشتێك.چەمکی ئەم پەندە لای فەرەنسیەکانیش بەدی دەکرێت، دەڵێن (بە ڕەوشتی دایکا کچت بۆ

پەروەردەکەری هەمیشەیەتی و زۆربەی کات بەیەکەوەن. هەر لەبەر ئەمەشە دەوترێت (بەختی دیٚ جیهێزیٚ قێزییە)[٦٥] واتە کچ هاوشێوەی دایکیەتی، چارەنوسی دایك دەشیٚ کچەکەیشی بگرێتەوە. چونکە کچەکە بەرهەمی داری دایکیەتی، هەرچەندە ئەمە هەمووکات نابێتە پێوانە، بەڵام بۆ هەندێك حاڵەتیش پێوانە یە و لە ئاکامی ئەزموونی نێو واقیعی کۆمەڵگای کوردی ئەم جۆرە پەندانە دروستبون و سەرچاوەکەیان نمونە ڕاستەقینەکانە. تەنانەت ئەم پەیوەندییە هێندە بەهێزە، بۆیە دەڵێن: (کیژ تەشی دایکی دەڕێسیٚ)[٦٦]، هێندە

---

دەردەکەوێت) عوسمان شارباژێری: گوڵشەن، ل٨. عەرەبەکان دەڵێن (اعرف امها قبل ما تضمها) بڕوانە: ابوبكر عبدالكافي، البنت في الامثال الشعبية، مجلة التراث الشعبي، العددان (٥-٦)، السنة السابعة، ١٩٧٦، ص١٣٢. واتە لە هەموو پەندەکاندا پێوانەکە دایکە وەك سەرچاوەی سەرەکی. پەروەردەکردن و نزیکی لە منداڵەکانی بە تایبەتیش (کچ). بۆیە دەوترێت (چاویٚ بە ڕۆخی بگرە، کیژی بە داکی هەرگرە) بڕوانە: خالید جوتیار: دەشتی هەولێر پەندو زاری شیرن، ل٥٢. ئەمە لە ئینگلیزی بەمشێوەیەیە: (He that would the daughter win, must the mother first begin) بڕوانە: عەبدکەیوان: فەرهەنگی پەندی ئینگلیزی، و:هەرمێن چینی، چاپخانەی چینی، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٥٠. مسریەکانیش دەڵێن: (اكفي القدرة على فمها، تطلع البنت لامها) ئینتەرنێت. کورد دەڵێن (ماری لە خۆڕا، کیژی داك خرا پەسەند نینە) بڕوانە: عومەر شێخ الله: پەندی پێشینان، ل١٦٦. پێچەوانەکەیشی هەیە دەوتریٚ (کیژی داك پەسنیٚ، سەری دەچێتەوە سەر گاسنیٚ) بڕوانە: هۆشیار نوری لەك، گوڵبژێرێك لە پەندی کوردی، ل٤١. پەروەردەی باش سەرچاوەکەی دایکی باشە، کە خەڵکی تریش سوودی لیٚ دەبینن، بۆیە تەنانەت عەرەب دەڵێن (الام اللي بتربي، مش اللي بتولد) بڕوانە: ولید ناصیف: الموسوعة الذهبية، ص٨٢. واتە پەروەردە و زەمینەی دایك باشترین بەڵگەن بۆ دروستکردنی کەسەکە، نەك ئەوەی مناڵەکەی دەبیٚ، بەڵکو پێوانەکە بە پەروەردەکردنە.

(65) مەلا مەحمودی دێرشەوی: مشتاخاچیا، ل٧٦. بە شێوەی سۆرانی دەوترێت (بەختی داکان، جیهازی کیژان) بڕوانە: حەمید گەردی: سامان و پەندی گەردی، ل٤٩، یا (بەختی دایك، جیهازی کچە) بڕوانە: خالید جوتیار، دەشتی هەولێرپەندو زاری شیرین، ل٣٨. هەروەها دەوترێت (غەمی کچان لای دایکانە، چ جیهازە، چ شودانە) بڕوانە: حەمید گەردی، سامان و پەندی گەردی، ل١٧١.دایك سەرچاوەی نهێنی یەکانی کچیەتی.

(66) هۆشیار نوری لەك: گوڵبژێرێك لە پەندی کوردی، ل٤٢، هەروەها. بڕوانە: د.بدرخان عبدالله السندي: الحكمة الكردية، دار الثقافة و النشر الكردية، بغداد، ١٩٨٩، ص١٥١. لە ناوچەی پشدەر دەڵێن (هەنارە سورە مەلێسی، کچ تەشی دایکی دەڕێسی) بڕوانە: ڕێبوار جەمال: پەندی پێشینان لە ناوچەی پشدەر، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٦٢.نیوەی یەکەمیان خستۆتە سەری وەك تەوس و پلار ئاراستەی بەرامبەر کراوە. لای کوردە شەبەکەکان ئەم پەندە بەمشێوەیەیە:-

١- داکۆ چ تەشییە بڕێسۆ، کناچۆ چی ئوتەشی مەڕێسو (دایك چ تەشییە بڕێسی، کچەکەیشی ئەو تەشییە دەڕێسیٚ).
٢- داکۆ چ هەلیزی بژەنۆ، کناچۆ چی کو هەلیزەی مەچەنۆ (دایك چ مەشکەییٚ بژەنیٚ، کچەکەیشی ئەو مەشکەیە دەژەنیٚ).
٣- داکۆ چ دەستار ئۆنیۆ، کناچۆ چی مەهارۆش (دایك چ دەستاڕیٚ بهاریٚ، کچەکەیشی دەیهاڕیٚ).

بڕوانە: هەردەوێل کاکەیی: پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی شەبەك، ل١١٤. لای ئەوان نەك تەنیا (تەشی)، بەڵکو (دەستاڕ، مەشکە) لە بری دەشی دانراوە، کە (تەشی و مەشکە و دەستار) پێویستیان بە جولەی تایبەت هەیە، لەبەر ئەوەی جولەکان هاوبەشن و لە بیرەوەری میللەتیشدا ئەم بیروبۆچونە باوە کەکچ لە زۆربەی حاڵەت و جولەو و هەڵس و کەوتدا نمونەی دایکیەتی، تەنانەت شوێن هەڵگری ڕەوشتی دایکی و لە هێڵە سەرەکیەکانی ژیانیشیدا وەکو ئەوە، چونکە کاریگەرییەکانی دایك زیاتر بەسەر منداڵدا دەبێت بە تایبەتیش کچ کە لاسایی دایکی دەکاتەوە و کوڕانیش لاسایی باوکیان، بەشێکی پەندەکان تەنیا دایك و کچ دەبەستنەوە بە یەکتر، کەچی لە هەندیٚ پەندی تردا بەراوردی (کوڕوکچ) دەکەن، لە پاڵ پەیوەندییان بە هەریەك لە دایك و باوك. بۆ نمونە (قیز تەشیا دیٚ هلددە، کوڕ داری باڤیٚ) بڕوانە: قەناتی کوردۆ: کۆمەڵە تێکستی فۆلکلۆری کوردی، ل٢٤١. یا (کچ تەشی دایکی دەڕێسێت، کوڕ کڤانی بابی دەژەنێت). بڕوانە: هۆشیار نوری لەك: گوڵبژێرێك لە پەندی کوردی، ل٤٢. یا دەڵێن (کەنیشك ئەکێشێتە سەر دایك، کوڕ ئەکێشێتە سەر باوك) بڕوانە: سید عبدالحمید حيرت سجادي: پند پشنان،

وێنەی دایکیەتی پەیوەندی نێوان ئەم دووانە هێندە ئاڵۆز و ورد و پڕ لە ململانێ یە، بۆیە لە پەندێکدا هاتووە (ئەیژن کەنیشك هەوەی دایکە)[67]، یا (کیژەکم بوو، هەوێیەکم بوو)[68] لەبەر ئەوەی کچەکەی لاسایی دەکاتەوە و تا ڕادەیەك پاڵەپەستۆ لەسەر دایکەکە دروست دەکات، ئەم پاڵەپەستۆیە دایك بێزار دەکات، بۆیە هەست ناکا کچیەتی، بەڵکو هەست دەکات هەوێیەتی، ئەمەش لە ئاکامی ئەوەی کچان لە ئەنجامی لاسایی کردنەوەکە هەڵس و کەوتیان لەگەڵ دایکیان خراپە و بەخیلی بە دایکیان دەبەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پەیوەندییە ناپچڕێ کە بە یەکیانەوە گرێ دەدا.

سەرباری هەموو کێشە و گرفت و نەهامەتیەکان. بۆیە بەوانەی کە لایان وایە ئەم پەیوەندییە دەپچڕێت دەوترێت (گێل و کەم عەقڵ)، هەروەك لەو پەندەدا ئاماژەی پێکردووە (دێ و دۆتی شەڕکر، کێم ئاقڵا با وەڕکر)[69].

هەروەها دەوترێ (دایك و کچ یەکبن، کەس ناتوانێ نێوانیان بکا)[70] هێندە سەنگەرێکی بەهێز دروست دەکەن. یا بە تەوسەوە دەوترێت (کچی ئەو دایکەیە)[71]، دایك پێوانەی ڕاستەقینەی منداڵەکانیەتی، ئەم پەندە بۆ ئەوانە بەکاردێت کە لاوازن و هەڵوێستیان نیە، یا کەم و کوڕییەك لە هەڵس و کەوتیاندا بەدی دەکرێت، دەوروبەر بە چاو و هەڵسەنگاندنی دایك، کچەکە هەڵدەسەنگێنن، چونکە (دایك بناغەی چاك و خراپی منداڵیەتی)[72]، بە هۆی پێشکەوتنی کۆمەڵ بڕێکی زۆر لە داب و نەریت و بیرکردنەوەکان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، ئەو گەرم و گوڕی و هەستەبەرزەی لە نێوان ئەم دووانەدا هەیە، لە بەرزی و نزمیدا دەبێت بەڵام نابنە دوو سەنگەر. هەر لە سەنگەری خێزانێکدا کاردەکەن و چالاکیان هەیە، کەچی جۆری پەیوەندییەکە دەگۆڕێت

---

جلد اول، ل٤٠١. واتە کچ دەگەڕێتەوە سەر دایکی و کوڕیش لاسایی باوکی دەکاتەوە و لەسەر ڕێبازی ئەو دەڕوات. چونکە هەڵس و کەوت و مامەڵەی کوڕ زیاتر لەگەڵ باوکیەتی، بەڵام عەرەبەکان دەڵێن (**کل فتاة بابیها معجبة**) بڕوانە: ابی فضل احمد بن محمد المیدانی: مجمع الامثال، ت/محمد ابو الفضل ابراهیم، الجزء الثالث، ط٢، دار الجیل، لبنان، ١٩٨٧، ص٩. بەڵام ئەم تەنیا سەرسام بوونە بە ڕەمزی بەڕێوەبردنی ماڵ کە زۆربەی کات لە ئەستۆی باوکە، چەمکی ئەم پەندە پێوەر نیە بۆ هەموو کچێك، دەشێ بە پێی کەسایەتی باوکەکەو ڕۆڵی بێت لە ماڵەوەدا.

(67) سید عبدالحمید حیرت سجادی: پند پشنان، جلد اول، ل٤٤.

(68) هۆشیار نوری لەك: گوڵبژێرێك لە پەندی کوردی، ل٤٢، عەرەبەکانیش دەڵێن: (البنت ضرة امها) بڕوانە: مطیع المرابط، امثال دمشق الشعبیة ، ص٣٠. هەروەها دەوترێت (کادین بێ زلك نابێ، کچ لە ماڵ بابان بێ هێوێ نابێ، سەروکانی بێ ئاو نابێ) بڕوانە: حەمید گەردی، سامان و پەندی گەردی، ل١٨٠. ئەم پەندە لە سێ بڕگە پێکهاتووە، هێنانەوەی بڕگەی سەرەتا و کۆتایی بە مەبەستی چەسپاندن و بەڵگەی ڕاستی و چەسپاوی بڕگەی دووەمە، کە هێندە تاقیکراوەتەوە، گەیشتۆنەتە ئەوەیکە کچ لە ماڵی باوکیدا لەگەڵ دایکیدا چەشنی هەوێن.

(69) قەناتی کوردۆ: کۆمەڵە تێکستی فۆلکلۆری کوردی، ل٢٥٣. یا دەوترێت (دایك و دۆت بەشەڕ هاتن، چوکل و عەواران کەیف پێهاتن) بڕوانە: دێدەوان یەعقوبی: ژن ناسی لە پەندی پێشیناندا، ل٢٠.

(70) هۆشیاری نوری لەك: گوڵبژێرێك لە پەندی کوردی، چ٢، ل٦٧.

(71) سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣،هەروەها (کەنیشك ئەو دایکەسە) کوردەکانی ئێران بەمشێوەیە بەکاریدەهێنن، بڕوانە: سید عبدالحمید حیرت سجادی: پند پشنان، جلد دوم، ل٤٠١.عەرەبیش دەڵێن (اشبە فلان امە) بڕوانە: ابی فضل احمد بن محمد المیدانی: مجمع الامثال، ص١٧١. یا دەڵێن (بنت الخواصە خواصە) بڕوانە: ولید ناصیف: **اشهر الاقوال و الامثال و المصطلحات الشائعة**، ص٥٨. واتە ئەگەر دایك چاك بوو کچەکەیشی چاك دەبێت، ئەگەر خراپ و نالەبار بوو کچەکەیش هەمان سروشت وەردەگرێت.

(72) مەعروف جیاوك: هەزار بێژ و پەند، ل٤٨.

بە گوێرەی ژینگەی هەردوولا. بۆیە دەوترێت: (کیژی بە دایك، مەنجەڵی بە سەرپۆشە)[٧٣] پێچەوانەی ئەمەش هەیە: (کیژی بێ دایك، مەنجەری بێ سەرپۆشە)[٧٤] دایك بە سەرپۆشی مەنجەڵ تەشبیە کراوە و کیژیش بە مەنجەڵ، ئەمە لێکچواندنێکی بەهێزە چونکە مەنجەڵ و سەرپۆشەکەی تەواوکەری یەکترن و یەکیان بێ ئەوی تر نابێت، ئەمە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە هەر مەنجەڵێك سەرپۆشی تایبەتی خۆی هەیە و لە نێوانیاندا گونجانێکی تەواو بەدی دەکرێت، هەر سەرپۆشێك بۆ هەر مەنجەڵێك نابێت، لە هەمان کاتدا مەنجەڵ تا سەرپۆشەکەی لانەبەیت نازانیت چی تێدایە، بۆیە دایك وەك ئەو بونەوەرە دڵ فراوانەی خۆی دەکاتە قوربانی ژیانی منداڵەکانی، چەوتی و کەم و کورییەکانی منداڵەکانی دادەپۆشێت. ئەمەش خاڵێکی نێگەتیڤە لە ژیانی دایکدا، چونکە ئەگەر ئەو داپۆشینەی، کێشە و کەم و کورییەکان دەردەکەوێ، کە دەریش بکەون و ئاشکرا ببن، دەشێ چارەسەر بکرێن و بارەکە ڕاست بکرێتەوە، نەك داپۆشرێ و گرفتەکان کەڵەکە بکەن و دواتریش بە زیان بەسەر خێزانەکە بشکێتەوە. دایك زۆر بە پەرۆش دەبێت کە باوك بە کەم و کورییەکانی منداڵەکانی بە تایبەتیش کچەکانی نەزانێت، نەوەك هێرشیان بکاتە سەر و کێشەکە گەورەتر بێت، لەگەڵ ئەوەشدا شاردنەوە و داپۆشینی هیچ کاتێك نابێتە چارەسەری گونجاو.

دایك ئەم هەموو قوربانیانەش دەدا، هێشتا لە ئاکامی مامەڵەی خراپی نێوان دایك و کچ، لەبەر هەر هۆکارێك بێت، دەوترێت (دایك و کچ وەکو ئاگر و خوڵەمێشن)[٧٥] لە کاتێکدا خوڵەمێش لە ئەنجامی ئاگر دروست دەبێت. واتە یەك سەرچاوەیان هەیە، هەر بۆشاییەك لە پەیوەندی نێوانیاندا بەدی بکرێت، شپرزەیی و ناخۆشی دەکەوێتە نێوانیان و خێزانەکە بە گشتی دەشلەژێت ، بۆیە زۆر گرنگە پەیوەندییەکەیان لەسەر بناغەی ڕاستگۆیی و هاوڕێیەتی دابمەزرێت. لەگەڵ هەموو ئەو ناکۆکی و ململانێی یانەی لە نێوانیان بەدی دەکرێت، بۆ پاشەڕۆژ دایك کە نۆبەرەی کچ بێت پەسندتر دەبێت چونکە زمانحاڵی دایك دەڵێ (کوڕم کوڕمە هەتا ژن دێنێ، کچم کچمە بە درێژایی ژیان)[٧٦] لەبەر ئەوەی کچ درێژبوونەوەیەکی سروشتی دایکە و یارمەتی دەدات و لێی

---

(73) هۆشیار نوری لەك: گوڵبژێرێك لە پەندی کوردی، ل٤٠.

(74) دێدەوان یەعقوبی: ژن ناسی لە پەندی پێشیناندا، ل٢٢. عەرەب دەڵێن (سر البنت امها) بڕوانە: یاسر خالد سلامە: موسوعة الامثال الشعبیة، دار صفاء للنشر و التوزیع، ط١، عمان، ٢٠٠٣، ص١٢٩. یا دەوترێ (کچی بێ دایك وەك باخی بێ پەرژینە) بڕوانە: دێدەوان یەعقوبی: ژن ناسی، ل٢١. هەندێ جار دەوترێ (کیژی بێ برا، وەك باغی بێ پەرژینە)، بڕوانە: جەلیل عەباسی: پەندی پیر، گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ (٦)، ٢٠٠٤، ل١٥٠. باخ پێویستی بە سنووری دیاریکراو و خزمەت هەیە بۆیە (کچ) یان تەشبیە کردوە بە باخ و (دایك) بە (پەرژین)، خۆشەویستی دایك هەمیشەیی یە بۆیە ڕۆڵی لە بەخێوکردن و مانەوەی لەگەڵ منالەکانیدا زیاترە لە باوك، بۆیە پەندێکی (ئەستونی) هەیە دەڵێ (یدوم حب الاب الی اللحد، اما حب الام فسرمدی) ئینتەرنێت. الامثال الشعبیة www.balagh.com ، یا (بنت بلا امها تلعب بکمها) بڕوانە: ولید ناصیف: الموسوعة الذهبیة، ص١٣٣. ئەمە بەڵگەی ڕۆڵی دایك و باوکە لە ژیانی کچدا، بە تایبەتیش دایك کە سەرچاوەی پەروەردەیە و بە نەمانیدایك هەندێ کچ لە سنور دەردەچن و بەدڕەوشت دەبن.

(75) د.بدرخان عبدالله السندی: الحکمة الکردیة، ص١٥٠. عەرەب دەڵێن (الثوب أم و البنت کم)، بڕوانە: یاسر خالد سلامة: موسوعة الامثال الشعبیة، ص٢١٠. یا دەڵێن (ام البنات مصطبة للاندال) بڕوانە: ولید ناصیف: الموسوعة الذهبیة، ص٨٢. چونکە دەشێ کچەیان شو بە کەسێك بکات، بێ ڕەوشت بێ و ناوونانۆرەیان بۆ دروست بکات و زیانیان پێ بگەیەنێ.

(76) ڕێبوار جەمال: پەندی پێشینان لە ناوچەی پشدەردا، ل٤٩. ئەم پەندە بە مشێوەیەش هەیە (کچم بەخێوکرد کوڕی خەڵك بردی، کوڕم بە خێوکرد کچی خەڵك بردی) بڕوانە: مەلا مەعروف شارەزووری: پەندی پێشینانی کورد، ل٧٤.(کچ و کوڕ)

جیانابێتەوە و بەوەفاتر و دڵسۆزترە لە کوڕ، بۆیە دەڵێن (بەختی تیژە، نۆبەرەی کیژە) [٧٧] لای کورد بۆ باوکیش شانازییە کاتێ کچی دەبێ(باڤێ کەچان سڵتانە) [٧٨] ئەم حاڵەتە بە پێی قۆناغەکان گۆڕاوە، بە گشتی کچ خۆشەویستترە، چونکە زۆرتر لەماڵەوە دەمێنێتەوە و بەشداری لە ڕێکخستنی ماڵ دەکات، بەڵام تاکو ئێستاش خێزانی وا هەیە کوڕ پەسەندتر بکات لە کچ یا بە پەرۆش بێت بۆ کوڕ، زۆرجار جیاوازی لە پەروەردەکردنی کوڕ و کچ دەکرێت، کەچی لە چوارچێوەی پەندی پێشینانی کوردیدا ئەم حاڵەتە بەدی ناکرێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەوترێت (دایکی حەفت کوڕان، مردووە لە کۆڵان) [٧٩] ئەم پەندە نەك تەنیا بۆ ژن بەڵکو بۆ هەر مرۆڤێك دەشێت، کە لە کۆتایی ژیانیدا شپرزە بێت و بێ چاودێر و خەمخۆر بێت، کوڕ کە ڕەمزی دەسەڵات و هێز و پشت و پەنابەر بۆتە ڕەمزی فەرامۆشی و گوێنەدان و کاریگەرییەکی خراپی بەسەر خێزانەوە دەبێت.چونکە ژن دەهێنێ و ماڵ بە جێ دێڵێ وخەریکی ماڵی خۆی دەبێت، بەڵام کچ سەرباری ماڵی

---

لە بردن هاوبەشن، بەڵام جۆری بردنی کچەکە باشترە لە هی کوڕەکە، چونکە زۆرجار بردنی کوڕ پچڕان دروست دەکات بەڵام کچ ئەم پچڕانە دروست ناکات .

(77) سەرچاوەی پێشوو،ل٣٤عەرەبەکان لە هەندێك لە پەندەکانیاندا گوزارشتیان لەم حاڵەتە کردووە و لایان وایە ئەگەر ژن نۆبەرەی کچ بێت بەختەوەر دەبێت. بۆ نمونە: (اللی تبکر بابنیه یکون سعدها کبیر) یا (اخیر الناس اللی تبکر بالبنت) یا (اللی یسعدها زمانها تجیب بناتها قبل صبیانها) بڕوانە: ابوبکر عبدالکافی: البنت فی الامثال الشعبیة، ص١٣١.یا (هم البنات للممات لو کانت عرایس و المجوزات) یاسر خالد: موسوعة الامثال الشعبیة، ص٢٦٠.یا (یا مخلفة البنات یا دایخة) بڕوانە ولید ناصیف، الموسوعة الذهبیة، ص٣٨٣. بەرپرسیاریەتی کچ هێندە قورس و مرۆڤ توش سەرسوڕان دەکات. عەرەب دەڵێن (هم البنات للممات) مطیع المرابط، امثال دمشق الشعبیة، ص٢٩. واتە دایك هەمیشە بە پەرۆشە بۆ کچەکەی هەتا مردن بۆیە دەڵێن (دور لبنتك قبل ما تدور لابنك) یاسر خالد سلامة: موسوعة الامثال الشعبیة، ص٢٢٢. چەمکی ئەم پەندە لای کورد بەدی ناکرێت، کچ چەندیش خۆشەویست بێت، بەڵام دایك یا باوك ناگەڕێ بۆ ئەوەی مێرد بۆ کچەکەی بدۆزێتەوە و خۆی پێیان بڵێ و خۆی بابەتی خواستن لەگەڵ ماڵی کوڕە وەك سەرەتا باس بکات، مەگەر حاڵەتێکی زۆر دەگمەن نەبێت، ئەویش بە ڕێکەوت سەرهەڵبدا، نەك بە ئەنقەست، تەنانەت عەرەبەکان لە بری (دور) لە هەندێ شوێندا دەوترێت (اخطب لبنتك و ابنك لا) بڕوانە: ولید ناصیف، طة عبدالرؤوف، الموسوعة الذهبیة، ص٤٢. لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنی چاك بۆ کچەکە دەبێتە مایەی ئاسودەیی بە درێژایی تەمەنی هەردوولا واتەخێزان و کچەکە.تەنانەت پێغەمبەر(د.خ)ووتویەتی(خیرکم من بکر بأنثی )هەندێ لایان وایە ئەم فەرمودەیە لاوازە.

(78) قەناتی کوردۆ، کۆمەڵە تێکستی فۆلکلۆری، ل٢٢٤ ، عەرەب دەڵێن ( أبو البناه مرزوق) بڕوانە : **ابوبکر عبدالکافی، البنت فی الامپال الشعبیه، ص١٣١ یا (بیت البنات بیت البرکات) یاسر خالد، موسوعه الامپال الشعبیه، ص٢١٠ . بەشێوەیەکی تر لە کوردیدا دەوترێت (ڤیزێ کێ هەنە، ئەو پادشایە) هەروەها (باڤێ بێ ڤیز، چیایێ بێ ئاڤە) بڕوانە : ڕۆهات ئەلاکۆم، د فۆلکلۆرێ کوردیدە، سەردەستیکەکە ژنان، ل٦٦ .**

(79) د.بدرخان عبداللە السندی: الحکمة الکردیة، ص[١٤٩]. عەرەب دەڵێن: (اللی ماعندوش بنات، مایعرفوش الناس امتی مات؟) بڕوانە: ابوبکر عبدالکافی: البنت فی الامثال الشعبیة،ص[١٣١]. یا دەڵێن (اللی ما عندها بنیة، تدفن روحها و عینها حیة) هەمان سەرچاوە، جیاوازی لە نێوان ڕۆڵی کچ و کوڕ لە چوارچێوەی خێزاندا گەلێ پەندی دروست کردوە وەك (ام البنین تمشي و تنین و تقول وین درب الحبس یا امظلمین) یا (ام البنات تمشی بثبات و تقول وین درب الضایع یا مسعدات) بڕوانە: یاسر خالد سلامە: موسوعة الامثال الشعبیة، ص[٢٠٦]. ماوەی نزیکی و پەرۆشی منداڵ بۆ دایك و باوکیان لەم پەندەدا بەمشێوەیە گوزارشتی لێکراوە: (البنت وراء الباب والولد ببغداد) هەمان سەرچاوە.ل[٢٠٩]، کچ هەمیشە بە بیروگیان نزیکترە لە کوڕ و بە پەرۆشترە، بۆیە پەیوەندیشیان بەهێزترە، (بەغدا) ڕەمزێك بووە بۆ دووری، واتە کوڕ هەمیشە دوورە لە خێزان و هەستەکانی دایك و باوکی.

خۆیشی، لـه نزیکـەوە چـاودێری دایك و بـاوکیش دەکـات و میهرەبـانترە لـە کـوڕ، هەسـت و سـۆزی هـەمیشە بەشێکی بۆ خانەوادەکەی تەرخان دەکات، ئەمەش دیسان لە هەستی دایکایەتی کچەوە هەڵقوڵاوە کە هـەر بـە غەریزە ئەم هەستە لە ناخیاندا پەنگ دەخواتەوە.بۆیە دەڵێن (باخچە بـە گـوڵان – مـاڵ بـە کـچان)[80]مـاڵ بـە باخچە تەشـبیەکراوە و کـچیش بـە گـوڵ، بەرامبـەرکردنی ئـەم دوو وێنەیـە لـە ڕووی لێکـچواندنەکەیاندایە کـە هەردووکیان واتە (گوڵ و کچ) ڕازێنەرەوەن و مایەی دڵخۆشی و جوانی ماڵن، نیوەی یەکەم بـۆ پاڵپـشتی و بـۆ چەسپاندنی نیوەی دووەمە، کە خۆی لە خۆیدا گرنگ و بایەخە سەرەکیەکەی لە نیوەی دووەمدایە.

لەگەڵ ئەوەشدا لە زۆربەی کاتەکاندا نارێکن لەگەڵ یەکترن و ناکۆکیـەکان لـە ئاکـامی جیـاوازی سـەردەم و چۆنیەتی پەروەردەکردنیان دێت، بۆیە ئەگەر (دایك و دۆت بوینە جوت، دنیا سۆت)[81]هێندە حاڵەتەکـە کـەم و دەگمەنە ناشێ وا بە ئاسانی تێپەڕێ، بۆیە لە کاتی سەرهەڵدانی تەبایـیەکی تـەواو لـە نێوانیانـدا دەشـێ دنیـا ئاگر بگرێت، واتە دنیا بەرگەی ئەم تەبایە نـەگرێت. وەك حاڵـەتێکی سەرسـوڕمان و سـەیر، چـونکە لـە هێڵـە سەرەکیەکەی پەیوەندی گشتی نێوانیاندا لادەدا.

نهێنی و هەواڵ و هەموو سەربردە و هەستە ووردەکانی کچ لای دایکیانە، سەرباری هـەموو ئـەو ناکۆکیانـەی لە نێوانیاندا بەدی دەکرێت، دەتوانین بڵێین پەیوەندییەکی دوولایی بە یەکیان دەبەستێتەوە، نزیك لـە یـەکتری و دووریش لە هەمان کاتدا. لە دێرینـەوە ووتویانـە (دایکـی کیـژان مـاینی حـەدال، دایکـێ کـوڕان گـەردەن بـە خاڵ)[82]، بەڵام هێشتا بەپێی پەنـدەکان کـچ بـاڵاتر نیـشان دراون لـە کـوڕان (کـچی گوێـدار چـاکترە لـە کـوڕی نازدار)[83]یا (قیز هەنە حەفت کوڕا نادن)[84] ئەم پلە و پایـەی کـچ لای خێـزان لـە ئاکـامی بـەراوردکردنی لەگـەڵ کوڕدا تا ڕادەیەك تایبەتمەندییەکی لای نەتەوەی کـورد دروسـت کـردوە، چـونکە لای هەنـدێ لـە دراوسـێکانی کورد بەمشێوەیە نیە*بەشێکی خێزانی کـوردیش جیـاوازی دەخەنـە نێوانیـان و ڕێـزی تایبـەت بـۆ دایکـی کـوڕ

---

(80) حەمید گەردی: سامان و پەندی گەردی، ل٤٦. هەرچەندە (مار بە کیژان هەر چۆڵە) بڕوانە: عومەر شێخ الله: پەندی کوردی، ل١٦٥. لەبەرئەوەی ماڵ چەند کچیشی زۆربێ هەر شو دەکەن و دەڕۆن و چۆڵی دەکەن. عەرەبیش دەڵێن (البنات مربطهم خالی) بڕوانە: ولید ناصیف:الموسوعة الذهبیة، ص١٢٣. چارەنووسیان بەجێ هێشتنی ماڵە، ئەم پەندە بۆ ئەم شتانەش بەکاردەهێنرێ کە زۆریان پێ ناچێ و نامێنن، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە دایك و باوك حەزیان بە ڕۆیشتنی کچەکانیان کردوە، بۆیە دەڵێن (مصیر البنت لبیت جوزها) بڕوانە: ولید ناصیف: الموسوعة الذهبیة، ص٣٤١. هەرچەندە دوابکەوێ لە شوکردن هەر دەبێ بڕوات، یا هەندێك لە ئاکامی کرێتی ڕەوشتی کچەکانیان لایان وایە (موت البنات ستره) ولید ناصیف: الموسوعه الذهبیة، ص٣٥١. کورد لای وایە (شوێنەواری کچان، دیوارێ سەر بەفرینە) بڕوانە: دێدەوان یەعقوبی: ژن ناسی لە پەندی پێشیناندا، ل٢٤. هەر لەبەر ئەوە کە ماڵ بەجێ دێڵن و شوودەکەن.

(81) دێدەوان یەعقوبی: ژن ناسی لە پەندی پێشیناندا، ل٢٠.

(82) حەمید گەردی: سامان و پەندی گەردی، ل١١٥.

(83) حەمید گەردی: گوڵێك لە گوڵستانی کوردستان، ل١١٠.

(84) ڕۆهات ئەلاکۆم: دفۆڵکلۆرێ کوردی دە، ل٦٦.

* بەشێك لە عەرەبەکان لایان وایە (ولد مجنون و لا بنت خاتون) یا (البنت غم و لو مریم) بڕوانە: نبیهة احمد الزبیدي: الامثال الشعبیة و الواقع الأجتماعی، مجلة التراث الشعبی، ع(٢)، السنة الثالثة، ١٩٧١، ص١٣. ئەم تێڕوانینە زۆر چەوت و ناڵەبارە کە گرنگ کوڕ بێت، بەڵام هەر چۆنێك بێت لە هەندێ شوێندا کچی باش پەسەندتر دەکرێت وەك (بنت ملیحه ولا ولد فضیحة) بڕوانە: یاسر خالد سلامه: موسوعة الامثال، ص٢٠٩. ئەم تێڕوانینە لای خەڵکە هۆشیارەکە بەمشێوەیە، پێچەوانەکەی

دادەنێن (دایکی کوڕانە و قسەی لەبانە)[٨٥]، دایکی کوڕ شانازی و لەخۆباییەکی تێدا بەدیکراوە، دەوروبەریش بەپێی ئاستی هۆشیاری و عەقلیەت و داب و نەریت مامەڵەیان لەگەڵیاندا کردووە، ئەو بایەخەیان بەکچ نەداوە، تەنانەت خودی دایکەکەی خۆی (لەگەڵ کوڕم کێو ئەدڕم، لەگەڵ کچم بۆ کوێ بچم)[٨٦]، بێ دەسەڵاتی لە کچ بەدیکراوە، کە هەمیشە پشت بە کوڕ بەستراوە بە تایبەتی بۆ ئیش کردن و سەفەرکردن. هەرچەندە کچیش بەشداریکردوە، کەچی ئێستا ئەم تێڕوانینە گۆڕاوە و لەوەدا هاوبەشن کە زمانحاڵی دایك دەڵێ (لێم دەرپەڕی و لێم هەڵپەڕی)[٨٧] لێرەدا دیارینەکراوە، هەردوو ڕەگەزەکە (کوڕوکچ) دەگرێتەوە، بەڵام کوڕ زیاتر بە گوێی دایك ناکات و یاخی دەبێت و بەرامبەر دایك و باوکی دەوەستێت، دایك دڵگرانتر دەبێت چونکە بەشێکە لە خۆی و دژیشی دەوەستێ .چەمکی گەلێك پەند کە پەیوەندی بە (دایك و کچ) ەوە هەیە. بۆ ئێستا ناشێت وەك (ئەوەی لە کیژی خۆی نەدا، لە چۆکی خۆی دەدا)[٨٨](لێدان) دەشێ ئەلتەرناتیڤەکەی ئامۆژگاری و گفت وگۆ بێت. (لێدان) لە ئەنجامی ناهۆشیاری پەیڕەوکراوە، زۆرجاریش لەو کارەیان پەشیمان بونەتەوە. نەك پێچەوانەکەی وەك لە پەندەکەدا هاتووە، مامەڵەکردن لەگەڵ کچ پێویستی بە ناسکی و شێوازێکی نەرم و نیان هەیە، چونکە (قیز مێڤانێ ماڵێ نە)[٨٩] کە بە میوان تەشبیەبکرێ، دەبێ مامەڵەی چاکی لەگەڵدا بکرێت لەبەرئەوەی (کیژ ماڵی خەڵکینە، کوڕ گۆیێ زێڕینە)[٩٠] لە کرمانجی سەروو تەنیا شێوەی یەکەم دەوترێ (قیز ئەو لادێ خەلقێ نە)[٩١] لەو پەندەدا میهرەبانی زیاتر تێدا بەدی دەکرێت، چەمکی تەواوکەری ئەو پەندە لەوەدایە کە (کوڕ تاڵان گێڕەوەیە، کچ تاڵان بەرە)[٩٢] لەبەرئەوەی کەل و پەل و جیهازی لە ماڵی باوکی دەبات، هەرچەندە هی کوڕەکەش بۆ ماڵی خۆیەتی، نەك بۆ ماڵی باوکی، بەڵام هێشتا جیاوازن.

---

لای خەڵکە نەخوێندەوارەکە هەرچەندە ئەمە پێوانەیەکی گشتی نیە، دەشێ خوێندەوارێکیش هەمان بۆچونی هەبێت، یان دەڵێن (الولد ثمرة الفؤاد) بڕوانە: ابن الفضل احمد بن محمد الميداني: مجمع الامثال، ج٣، ص٤٥٩. بەهۆی خۆشەویستی زۆریان بۆ کوڕ.

(85) محەممەدی مەلا قادر: پەندنامەی ئاوارە، ل١٤١. عەرەب دەڵێن (ام الولاد نجابة، وام البنات نحابة) بڕوانە: ولید ناصیف، الموسوعة الذهبية، ص٨٢. زیاتر بۆ ئەوانەیە کە حەز بە کوڕ دەکەن و ڕقیان لە بونی کچە ئەمەش لە هەموو سەردەمێکدا هەیە بە ڕێژەیی دیاریکراو.

(86) دێدەوان یەعقوبی: ژن ناسی لە پێشیناندا، ل٢٤.

(87) مەلا مەعروف شارەزووری: پەندی پێشینانی کورد، ل٨٥. بەڵگەی ئەمەی کە کوڕ گوێ بە قسەی دایکی نادات دەوترێت (دایك ئامۆژگاری کوڕی دەکرد، کوڕ دەیگوت دایە سی و سێ مێش بە گونی کەرەکەوەیە) بڕوانە: حەمید گەردی: سامان و پەندی گەردی، چ٢، ل١١٥.

(88) عومەر شێخ اللە: پەندی کوردی، ل١٢٢.

(89) ڕۆهات ئەلاکۆم: د فۆلکلۆرێ کوردی دە، ل٦٥.

(90) کەریم شارەزا: چۆن دژایەتی لە واتای ووشەدا خۆی لە پەندی کوردی نواندووە، ڕۆشنبیری نوێ، ژ(١١٦)، ١٩٨٧، ل٣٠.

(91) ڕۆهات ئەلاکۆم: د فۆلکلۆرێ کوردی دە، ل٦٥. بۆیە ئینگلیز دەڵێن (کچ و ماسی و مردوو لەو کەل و پەلانە نی یە کە بپارێزرێ) بڕوانە: بەشیر حوسێن سعدی، گوڵبژێر، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢٣.

(92) کەریم شارەزا: چۆن دژایەتی لە واتای ووشەدا خۆی لە پەندی کوردی نواندووە، ل٢٧. پەندێکی تا ڕادەیەك نزیکی ئەمە هەیە دەوترێ (باوکم تاڵان ئەکا، دایکم ئەبێژێ) بڕوانە: مەعروف جیاوك: هەزار بێژ و پەند، ل٢٦. لە عەرەبیشدا دەوترێ

هەروەها دەڵێن (دایك مەدحی كچ بكات، مەگەر خالۆی بیخوازێ)[٩٣] هـەروەك ئاماژەمـان پێكرد دایـك كـەم و كوڕی كچەكەی دادەپۆشێت، تەنها خۆی ستایشی دەكات، ستایشەكەی مەگەر كار بكاتە سـەر كـەس و كـاری خۆی، ئەگەر نا كەسی تر پەسەندی ناكات و ڕازی نابێ، ئێستا ئەم پەندە نەك تەنیا بۆ كچ بەڵكو بۆ هەر كـەل و پەلێك دەبێت.[٩٤] (كچ) و پەیوەندی لەگەڵ دایكی دوو جەمسەری هەیە، پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ بە پێی خـودی تاقیكردنەوە و كەسەكانی نێو تاقی كردنەوەكە گۆڕاون. وەك هەنـدێ جـار ڕووە نێگەتیڤەكـە گەیـشتۆتە ئـەو سنورەی كە زمانحاڵی كچە بڵێ، (ژنێك دەكەم بۆ باوكم، دارێك دەكەم بە دایكم)[٩٥]، ئامادەیـە بـە ژن بـچێ بـۆ باوكی ئەمەش لە ئاكامی گەلاڵەبوونی ڕقێك بەرامبەر دایكی ئـەم هەڵوێـستە دەنـوێنێ، هەرچـەندە ئـەم جـۆرە كچانە كەم و دەگمەنن، بەڵام بوونیان هەبووە لـە كۆمـەڵگای كوردیـدا، هەڵوێـستی تونـدی لـەم شـێوەیە دایـك بەرامبەر كچەكەی لە پەندی كوردیدا بەدی ناكرێت، چونكە (دایك بەزگی خۆی كافرە)[٩٦] و لە پێنـاو منداڵـەكانی بەرگـەی هـەموو شـتێك دەگرێـت. تەنانـەت (شـەڕی دایـك و كیـژان، ڕۆژی پـایزان)[٩٧] واتـە شـەڕی نێوانیـان زۆرناخایەنێت و چەشنی ڕۆژی پایز كورتە، زۆربەی جار چاك بونەوەكە لەلایەن دایكەوە دەبێت، دایكـی كـورد بەهۆی بارودۆخی كوردستان هەمیشە تایبەتمەندی ئـەوەی تێـدا بـەدیكراوە كـە زیـاتر بەرگـەی نەهامەتیـەكان دەگرێ. هەڵس و كەوت لەگەڵ كچدا نەرم و نیانی بەخۆیەوە بینیوە (برا قیزێ ببن سەر خەنجەرێ، نەبن سـەر خەبەرێ)[٩٨]، كورد لای وابووە كچ هێندە ناسكە بەرگەی هەواڵ و خەمی گەورە ناگرێ، مردنی لەم هەڵوێـستانە لا خۆشترە بەرامبەر بە قسەی ناخۆش و بریندارکەر. ئەمەش سەرچاوەكەی لە دایكەوە گرتـووە كـە تـا چـەند

(الرجل جنی و المرا بنی) ئەركی پیاو هەوڵدان و بەدەستهێنانی سەرمایەیەكە، ئەركی ژن بنیادنان و ڕێكخستنیماڵە. بڕوانە: مطیع المرابط: امثال دمشق الشعبیة، ص٣٦.

(93) كەریم شارەزا: چۆن دژایەتی لە واتای ووشەدا خۆی لە پەندی كوردی نواندووە، ل٢٠٩. ئەم پەندە بەمشێوەیەش هەیە: (دایك ئەگەر مەتحی كچی خۆی بكات، مەگەر خاڵۆی بیخوازێت) بڕوانە: حەمید گەردی: گوڵێك لە گوڵستانی كوردستان، ل٦٢. یا (دایك مەتحی كچ بكات مەگەر خوارزا بیخوازی) بڕوانە: هۆشیار نوری لەك: گوڵبژێرێك لە پەندی كوردی، چ٢، ل٦٦. لە پەندێكی تردا هاتووە (كێ مەتحی كەچەرێ دەكا لە خوشك و داكی بەولاوە) بڕوانە: عومەر شێخ الله: پەندی كوردی، ل٦١٥.یا (كەنیشكێ دایك تاریفی بكات، ئەشنێ خاڵۆ بیخوازێ) بڕوانە: سید عبدالحمید محمد حیرت سجادی: پند پشنان، جلد دوم، ل٤٠٢. تەنیا لەم پەندەدا (دەشێ) هەیە، واتە (مەرج نیە) دەگەڕێتەوە سەرجۆری ستایش كردنەكە. عەرەب دەڵێن (من یمدح العروس الا اهلها) بڕوانە: ابی الفضل المیدانی: مجمع الامثال، ط٢، الجزء الثالث، ص٣٣٠.یا (مین یشهد للعروسه) ولید ناصیف: الموسوعة الذهبیة، ص٣٣٤. بۆ ئەو بابەتانە بەكاردێ كە خزم و كەس ستایشیان دەكەن. یا خەڵكە نزیكەكەی خۆیان ئەمە وەك (القرد فی عین امه غزال /مەیمون لە چاوی دایكی مامزە) وایە.

(94) هەمان سەرچاوە، ل٢١٦.

(95) هۆشیار نوری لەك: گوڵبژێرێك لە پەندی كوردی، چ٢، ل١٠٤.

(96) محەمەدی مەلا قادر: پەندنامەی ئاوارە، ل١٣٩.

(97) هۆشیار نوری لەك: گوڵبژێرێك لە پەندی كوردی، ل١١٧.

(98) ڕۆهات ئەلاكۆم: د فۆلكلۆرێ كوردی دە، ل٦٥. ئەم پەندە ئاڕاستەی (ژن)یش كراوە لە هەندێ شوێندا (ژنی بەوە سەرخەنجەران، مەی بەوە سەر كەسەران) بڕوانە: هۆشیار نوری لەك، گوڵبژێرێك لە پەندی كوردی، ل٤١٠.

یارمەتیدەری کچەکەی دەبێت. بۆیە ووتراوە: (ئەوەی نەکا بە قسەی دایێ، چی چاکی لۆ نایێ)[٩٩]، چونکە دایك هەموودەم بەرژەوەندی منداڵەکانی لەبەرچاو دەگرێت، مەگەر حاڵەتی دەگمەن و پێچەوانەی ئەمە بێت.

گەلێك پەندی پێشینانی کورد ستایشی دایك دەکەن بە هۆی ئەو ڕۆڵە پڕ بایەخەی لە پەروەردەکردندا هەیەتی وبە بەراورد لەگەڵ باوك تای تەرازووەکە بەلای دایکەکەدایە، لەبەر ئەوە ووتویانە (جهێ دایکان تژی نابە)[١٠٠]یا (دێ ژ باڤ شیرینترە)[١٠١]، چونکە (زارۆك لەسەر ملێ دێ مەزن دبە)[١٠٢] تەنانەت بە مردنی باوك بۆشایی دروست نابێت، کەچی لە ئەنجامی مردنی دایك بۆشاییەکی گەورە لە ژیانی منداڵ بە تایبەتی کچ دروست دەبێت، ڕەنگدانەوەی ئەم چەمکە لەم پەندەدایە (باڤ دمرە زار نزانن باڤێ وان مرییە، دێ دمرە ستوێی وان خار دبە)[١٠٣] لەبەر ئەوەی بنچینەکە تێك دەچێت، لەگەڵ هەموو ناتەباییەکانیشدا دایك ئەو کانییەیە منداڵەکان تێیدا تینوێتیان دەشکێنن، (مەمکی دایکم، پڕ بە دەمم)[١٠٤] گونجانێکی تەواو لە نێوانیاندا هەیە، ئەگەر خەوشێك دروست بێت ئەوا کاتی یەو نامێنێ، هەمان ئەو چەمکی گونجان و هاوسەنگی یەی کە بۆتە مایەی شانازیکردن بە دایك (دایکی خۆم کابانە،تێر دەخۆم لە نانە)[١٠٥]، هەست کردنە بە دڵنیایی چونکە تەنیا دایکی وەك پەناگە و پاڵپشتە بۆی تەنیا لە بەشودان و ژنهێنان باوك ڕۆڵی زیاترە لە دایك، بۆیە پەندەکانیش زیاتر ئاڕاستەی باوك* کراوە، بەرژەوەندی کچیش ڕەچاوکراوە بەوەی

(کچی خۆت بە قوربانی کوڕی خەڵکی مەکە)[١٠٦] ئەمە لە چوارچێوەی کچ دەرچووە، بۆ زۆر بەرژەوەندیی تر بەکار دەهێنرێت، ئەوەی ڕۆڵ دەنوێنێ موڵکدارییە، وەك ئامۆژگارییەك بۆ ئەوەی مرۆڤ ئەو شتانەی هەیەتی بیانپارێزێ و بەرگرییان لێ بکات کچ لەسەرووی هەموویانەوە پێویستی بە زیاتر گرنگی پێدان و پاراستنیەتی، زیاتر دوعاکان بۆ دایك دەکرێن نەك باوك، لەگەڵ ئەوەی کە باوك لە ڕووی خەرج کردن و دابینکردنی

---

(99) عومەر شێخ اللە: پەندی کوردی، ل١٢٢.

(100) ڕۆهات ئەلاکۆم: ڕەوشاژنان دناڤ گۆنتێت پێشیناندە،، سایب محەمەد، گ/ ئاسۆی فۆلکلۆر، ژمارە (٢٣)، ٢٠٠٦، ل١٨.

(101) هەمان سەرچاوە.

(102) هەمان سەر چاوە.

(103) هەمان سەرچاوە، ل١٩.

(104) هۆشیار نوری لەك: گوڵبژێرێك لە پەندی کوردی، چ٢، ل٦٧.

(105) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٦.

* بۆ نمونە (تفو لە پیاوی بەد خوو، ئەوەی کچی هەیە و نایدا بە شوو) بڕوانە: هەردەوێل کاکەیی: پەندی پێشینان، ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ (٢٣)، ل٦٥. تاوانی بەشونەدان دەخرێتە پاڵ باوك چونکە دەسەڵاتی ماڵ بووە، دایك نەیتوانیوە بەشداری بکات، یا ببێتە مایەی بەشودانی کچەکانی، یا دەڵێن (کەنیشك ئەگەر وەبێتە گولۆڵەی موو، دارایی باوکی ئەیداتە شوو) بڕوانە: سید عبدالحمید حیرت سجادی: پند پشنان، جلد دوم، ل٤٠١. باوك و سەرمایەی باوك ڕۆڵیان هەیە لە بە شوودانی کچ هەرچەندە کچەکەیش بوبێتە گلۆڵەموو شودەکات، عەرەبەکان لە مەسەلەی بە شودانی کچ توندترن و بە پێچەوانە حەزناکەن کچیان لەماڵدا بمێنێتەوە، وەك ئەوەی کچ بەلایەك بێت پێیان خۆشە لە کۆڵیان بێتەوە، ئەم هەستە لای کورد بەمشێوەیە توند نیە، بۆیەش زیندەبە چاڵکردن یەکێك بوو لە خەسڵەتی عەرەبەکان لە سەردەمی جاهیلیدا. بۆیە دەڵێن: (**البنیة بلیة**) یا (زوج بنتك و طلع عارك من بیتك) بڕوانە: **نبیهة احمد الزبیدی**: **الامثال الشعبیة** و الواقع الاجتماعي، ص١٢-١٣. یا (جوز البنات ستره) بڕوانە: ولید ناصیف: الموسوعة الذهبیة، ص١٥٤. شوکردن پۆشینی کچە، بەرپرسیارێتیەکەی دەکەوێتە ئەستۆی شوەکەی و لە ئەستۆی باوك نامێنێ.

(106) محەمەدی مەلا قادر: پەندنامەی ئاوارە، ل٢٠٢.

پێداویستیەکان کاری زیاتری لە ئەستۆدایە لە پرۆسەی پەروەردەکردن، بـەڵام هێشتا شـیرپێدانی دایـك زیـاتر بایەخی پێدراوە (سەد ڕەحمەت لەو دایکەی کە شیری پێداوە)[107]بـۆ مەسـەلەی سـوێندخواردنیش ئامـاژە بـە شـیری دایـك کـراوە، چـونکە پـاکێتی شـیرەکە دەبێتـە سەرچـاوەی پـەروەردەی منداڵـەکان(لـە شـیری دایـك پاکترە)[108].

لـە ڕووی ئایینیـەوەدایك پلـە و پایەیـەکی زۆری پـێ بەخـشراوە، لـە ژێـر کاریگـەری ئـاین هـەر سـێ پەنـد سەریانهەڵداوە وەك (ئەوەی دایکی لێی ڕازی بێ بە پێڵاوەوە دەچێتە بەهەشـتێ)[109] دایـك ئـەو قوتابخانەیەیـە ڕەنگدانەوەیەکی زۆری بەسەر منداڵەکانیدا دەبێت، چاکە و خراپە بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، بۆ نمونە: (دایکی دز یا سنگ دەخوات، یا سنگ دەکوتێ)[110]، ئەمە دیـاریکراوە بـە (دایکـی دز) کـە بـارێکی کەمـە، دەشـێت دایکەکـە ئاگادار بێت یا ئاگادار نـەبێت، بـەڵام هـەر دوو حاڵەتەکـە هـەر بـۆ ئـەوە، هەنـدێ پەنـد هـەن بـۆ کـاتی خـۆی شیاوبوون، بەڵام بۆ ئێستا و زاڵبوونی جیهانی ماددی بەسەر جیهانی مەعنەویدا تا ڕادەیەك نەشیاوە، بۆ نمونە (دایـك لای ئـەولاد قـەت کـۆن نـابێ)[111]، چـونکە بەرژەوەندییـەکان پەیوەندییـەکانیان پەیوەسـت کـردووە، هەرچەندە دایك بنچینەیە بۆ خەم و ئازاری منداڵەکانی، کەچی هـەر (بـاوك) هێـزی سـەرەکی یـە وەك (ئەگـەر کابرا دەستی لە هی باوکی بەربوو، بەهی دایکی ناگەڕێتەوە)[112] دایك سەرباری ڕۆڵی گرنگی لە ژیـانی منـداڵ و پەروەردەکردندا هەر بە هێزی لاوەکی تەماشای دەکرێت.

**٢ _پەیوەندی بوك و خەسو**

(بوك و خەسو) دوانەیەکن زۆربەی کات بەیەکەوە بەستراون، وەك دوو بونەوەری نزیك و پەیوەندار کە سەرچاوەی هەردوکیان یەك کەسە ئەویش پیاوەکەیە، ئەمە لەلایەك و وەك دوو بونەوەری دژ بەیەکیش لەلایەکی ترەوە، لە نێوانیاندا نیمچە ململانێ و تا ڕادەیەکیش ڕق و کینە بەدی دەکرێت .

هۆکارەکانی ئەم ناکۆکی و ململانێ یەی نێوان ئەم دووانە ئێرەیی کردنە لەیەکتری، ڕێژەی ئێرەییەکە بەندە بە پەیوەندی هەریەك لە بوك لەگەڵ مێردەکەی و خەسو لەگەڵ کوڕەکەیدا، لەکاتێکدا (خەسو) خۆشی بەتاقیکردنەوەی بوکایەتی تێپەڕیوە، ئەم تێپەڕبونە کاردانەوەیەکی قۆناغی بوکێنی خەسوەکەیە، کە دوو

---

(107) هەمان سەرچاوە، ل١٧٦.

(108) هەمان سەرچاوە، ل٢٤١.

(109) هەمان سەرچاوە، ل٢٢.

(110) شێخ محەمەدی خاڵ: پەندی پێشینان، چ٢، ل٢١٠. شەبەك دەڵێن (دیە دزی دووە ترێ مەدۆ، ئێکێ چەخۆشی، ئێکێ چەترشی/دایکی دز دووجار دەترێ، یەکێ لە خۆشی، یەکێ لە ترشی (ناخۆشی) )بڕوانە: هەردەوێل کاکەیی: پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی شەبەك، ل١٢٨. عەرەب دەڵێن (ام الجبان لاتفرح و لاتحزن) یاسر خالد سلامە: موسوعة الامثال الشعبية، ص١١٦.

(111) هۆشیار نوری لەك: گوڵبژێرێك لە پەندی کوردی، چ٢، ل٦٦. ئەم تێڕوانینە پێچەوانەکەی ڕاستە بەوەی دایك و باوك وا سەیری مناڵەکانیان دەکەن، کە گەورە نەبوون و هەمیشە منداڵ دەمێننەوە و پێویستیان بە چاودێری و ئامۆژگاری ئەوان هەیە، ئەم هەستەی ئەوان هەیانە، منداڵ بەگشتی ئەم هەستەی بەرامبەر دایك و باوکی نیە

(112) محەمەدی مەلا قادر: پەندنامەی ئاوارە، ل١٣.

لایەنی هەیە یەکەمیان: کاردانەوەیەکی پۆزەتیڤی، دووەمیان: کاردانەوەیەکی نێگەتیڤی دەبێت، بۆیە بە تەوس و پلارەوە، بەشێوەی پرسیار پێی دەگوترێت : (ئەرێ خەسو قەت بوك نەبوی؟)[١١٣] .

ئایا هۆکاری ئاشکرا لە پەنای ئەمەدا، یان هۆکاری شاراوە؟! . لەکاتێکدا (پەیوەندی نێوان بوك و خەسوی ئیمڕۆمان جیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ ڕابردوماندا نی یە، جاری واهەیە خراپتریش بووە، بەبەڵگەی ئەو ووشە نوێ یەی ناو زمانی کوردیە کە بوکەکانمان ڕێك و پێك بۆیان داتاشیوین بەوەی(صبار )ی درك ژەهراوی عەرەبیان کردۆتە (زمانی خەسو) )[١١٤]. هەر هەڵس و کەوتەکانی خەسو، مامەڵەکردنی جیاجیای لەگەڵ بوکەکەی و زاواکەیدا بۆتە مایەی ئەوەی کوڕەکەی بەرگەی نەمێنێ و بەدایکی بڵێ :( بۆچی بانێکەو دوو هەوا؟!) یان ( بانێکەو دوو هەوا)[١١٥]* بانەکە سروشتی بیرکردنەوەی خەسو دەردەخات، کە زیاتر بەلای

---

[113] لە کوردستانی ڕۆژئاوا ئەم پەندە بەم شێوەیەیە(کەنی، مەگەر لە خوەت وەویلە نەوی؟) . کەنی : کورتکراوەی (کەنیشك)ە بەواتای(کچ) هەر بەتەوسەوە تایبەتکراوە. بە (خەسو)، (وەویلە) واتە (بووك) بڕوانە : سید عبدالحمید حیرت سجادی، پند پشنان، جلد دوم، ل٤٠٢ . لە (جلداول،ل٢٢٦)دا هەر بە (خەسوو) هاتوە، ( خەسوو، ئەگەر لەخوەت وەویلە نەوگی ) . هەر ئەم پەندە لە عەرەبیشدا بەم شێوەیەیە (لاتتذکر الحماة انها کانت کنة) . بڕوانە: احمد مرسی، دراسات في الفولکلور، امثال الشعوب، ص٣٠٧ . هەروەها بڕوانە: کریم شارەزا، پەندی بەراوردکاری، ل١٢٩ . هەر ئەم دوو چەمکە بۆ دوو حاڵەتی تریش گوزارشتی لێدەکرێت( پیرێ، جوانیەکی خۆت بەبیرێ) بڕوانە: خالید جوتیار، دەشتی هەولێر پەندو زاری شیرین، ل٤٦ .

( پیر ) ڕەمزێکە بۆ خەسوو، جوان)یش ڕەمزێکە بۆ (بووك) . لەنێوان (پیرو گەنج) ناکۆکی و ململانێیەکی زۆر بەدی دەکرێت، لێرەدا ناتوانین ئاماژە بەگشت چەمکەکانیان بکەین تەنانەت کە دەوترێت(خەسوو لەگەڵ تۆمە، بوکێ تۆ گوێت لێ بێ) هەمان چەمك دەبەخشێت . لەبەرئەوەی ڕۆژێ لە ڕۆژان بوکەکەش ڕۆڵی خەسو دەبینێ وەکو پێشبیی یەك کە لە ئێستاوە خۆی بۆ ئامادەبکات و وەکو ئەو نەبێت .هەرچەندە بڕگەکانی ئەم پەندە لە هەندێ شوێندا ( بۆنمونە لە شێوەی موکری) دا پێچەوانەیە دەڵێن (بوکێ دەگەڵ تومە، خەسو گوێت لێ بێ ) بڕوانە : د. شوکریە ڕەسول، پەندی پێشینان و قسەی نەستەق، ل١٢٦ .

یان دەوترێت ( کچم لەگەڵ تۆمە خەسو گوێت لێ بێ) بڕوانە : ئیسماعیل حەقی شاوەیس، قسەی پێشینان گۆستاو لۆبۆن، ل٤ . دەیانەوێ بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئامۆژگاری و ڕێنمایی کەسێك بکەن، لەبەرئەوەی ناتوانن ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆ بگرن لە ڕێنمایی کردنەکە، بەهۆی پلەو پایەو دەسەلاتی کەسە مەبەست دارەکە، لەکرمانجی ژورودا دەڵێن( دیوار تەڕابێژم، بوکێ تو گوهداربە) . بڕوانە:د. شوکریە ڕەسول، مێژوی کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوی پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری، بەرگی چوارەم، ١٩٦٧، پەراوێزی، ل١٥٩ . هەروەها ( خەسو لەبیری نیە، ڕۆژەك ئەویش بوك بووە) ئەمە ڕێك وەرگێڕانی ووشەیی پەندە عەرەبیەکەیە . بڕوانە: بشیر حوسێن سعدی، گوڵبژێر، هەزارو یەك پەندی ئینگلیزی بە زمانی کوردی، ل٧١ .

دەشێ عەرەب ئەم پەندەیان لە ئینگلیزی وەرگرتبێ یا بە پێچەوانەوە، لە زمانی عەرەبیەوە چوبێتە زمانی ئینگلیزی .

[114] د. کمال مەزهەر، ئافرەت لە مێژودا، ل٧٦ .

[115] جەمال بابان، قسە هەزارەو دووانی بەکارە، دەفتەری کوردەواری، بەرگی یەکەم، ل٦٨ .

* هەرچەندە لەپشتی ئەم پەندەدا چیرۆکی جیاوازیکردنی خەسو لەمامەڵەکردندا بەدی دەکرێت، بەلاّم ئێستا ئەم پەندە لەسەرچاوە تایبەتی و ڕاستەقینەکەی دورکەوتۆتەوەو گشتێنراوە بۆ هەموو لایەنەکانی ژیان، واتا گواستنەوەی واتاو چەمکی پەندەکە لە بۆنەیەکەوە بۆ بۆنەیەکی تری هاوشێوە، یا گواستنەوەی لەلایەنی کۆمەلاّیەتیەوە بۆ لایەنی ڕامیاری و ئاینی و ڕۆشنبیری و ... هتد . لە زمانی عەرەبیدا چەمکی ئەم پەندە لەوەدایە (یکیل بمکیالین) یا دەوترێت ( علی ابنها حنونة و علی کنتها مجنونة) تاڕادەیەك لەگەڵ چەمکی پەندە کوردیەکەدا ڕێك دەکەوێ ( ئەنتەرنێت : الامثال الشعبیة www.balagh.com

خۆشەویستی زاواکەیدا دەچێ بەهۆی کچەکەیەوە، ئەم پێوانەکردنە بەهۆی کەش و هەواوە بڕێك لە حیکمەتی بە پەندەکە بەخشیوە، هەمان چەمك لەوەشدا بەدی دەکرێت کە دەڵێن: ( خەسوو دوو بە جوت گایە)[١١٦] لەبەر کچەکەی خۆی سودێکی زۆر بەزاواکەی دەبەخشێ .

زۆربەی ئەو پەیوەندیانەی خەسو بەبوك دەبەستێتەوە لەنێو پەندا نێگەتیڤن و شێوازی قسەکردن و ئاراستەی خەسوو لەگەڵ بوکدا بەتەوسەوەیە، وەك : ( لەگەڵ تۆ دەدوێم هاوسێم، گوێ بگرە بوکەکەم)[١١٧]، ئەم شێوە ئاراستەیەکی ناڕاستەوخۆیە زمانحاڵی خەسووە . لەهەندێ شوێندا زمانحاڵەکە دەگۆڕێ، دەشێ کەسی سێیەم بێت وەك (بوکێ لەگەڵ تۆمە، خەسوو گوێت لێ بێ )[١١٨] هەر بەهۆی ئەم زمانەوە هاتووە ( بوکم ئینا ب لەزوبەز، سفکا ماڵێ هەر بوومە ئەز )[١١٩] ئەمەش یەکێ لە ئامانجەکانی خەسو دەردەخات کە دەیەوێ بووك لە ئیش و کارەکانی کەم بکاتەوە، کەچی بەبەراورد لەگەڵ جارانی خۆی هەمان کاردەکات، بۆیە زمانی دەقەکە زمانی تەوس و پلارە، چەمکی ئەمە بەشێوەیەکی تریش هاتووە، تێیدا ئیش و کارەکەشی دیاریدەکات : ( بوك ئانی لەزە، داگاو پەزە، سفکا ماڵێ دیسا ئەزە )[١٢٠] پەندەکە لە دوو بڕگەی گشتی، بۆتە سێ بڕگە، لە نێوان دوو بڕگە گشتی یەکەدا پەروەردەو سەرپەرشتی کردنی ( گاو مەڕ و ماڵات) دیاریکراوە، کە ئەرکێکی قورسی سەرشانی ژنانی لادێ بووە، تەنانەت لە کات و تەمەنێکی کورتدا ژنیان بۆ کوڕەکەنیان هێناوە، بەمەبەستی کەمکردنەوەو سوککردنی ئیش و کاری ناو ماڵ .

بەهۆی ڕۆڵی بووك لە ئیشی ناو ماڵدا لە پەندێکی تردا هاتووە کە پاڵپشتی ئەم پەندەیەو بە شێوازێکی توند و هەڕەشەکردن دەربڕاوە، ( بوکی ساڵێ، بەریدە ماڵێ، ئەگەر نەیکرد، بیهاوێ چاڵێ )[١٢١]* دەبێ بووك لە ماڵدا ڕۆڵی لە بەشداریکردن لەگەڵ ئەو خێزانە نوێ یەی کە بۆتە ئەندامێکی کارایلە ئیش و کارەکانیاندا هەبێبەتایبەتی دوای تێپەڕبوونی ساڵێك وەك پێوەرێك بۆ شارەزابوونی بووکەکە لە سروشتی ئەندامانی خێزان و جۆرو چۆنیەتی کاروبارەکانیان، تەنانەت لایان وایە ئەگەر ئەم بەشداریکردنەی نەبوو . یا کز بوو، ئەوا سزادان و ئازاردانی ڕەوایە .

---

([116]) شێخ مەحەممەدی خاڵ، پەندی پێشینان، چ٤، ل١٦٥ .

([117]) ئەم پەندە لە عەرەبیدا بەم شێوەیەیە : ( احاکیك یاجارە، تاتسمعی یاکنە )، ئەنتەرنێت . لە کوردیدا بەشێوازی تر هاتووە، بۆنمونە : ( وەوی بەتۆ ئەیژم، خەسوو گوێچکەبە) بڕوانە : سید عبدالحمید حیرت سجادی، پند پشنان، جلد دوم، ل٤٠٢ . لەزمانی عەڕەبیشدا شێوەی تری هەیە وەك (ایاك اعني واسمعي یاجارة) . بڕوانە : ابي فضل احمد المیدانی ، مجمع الامثال، ج١، ص٨٠ .

([118]) شێخ مەحەممەدی خاڵ، پەندی پێشینان، بەرگی دووەم، ل٩٠ .

([119]) مەلامحمودی دێرشەوی، مشتاخا چیا، ل٧٠ . ئەم پەندە بەشێوازێکی تریش وتراوە ( بوکم هێنا بەلەرزو بەز، بوکێ ماڵێ هەر بوومە ئەز ). بڕوانە : حمید گەردی، سامان و پەندی گەردی، ل٦٤ .

([120]) ڕۆهات ئەلاکۆم، دفۆلکلۆرا کوردی دە، ل٦٨ .

([121]) هۆشیار نوری لەك، گوڵبژێرێك لە پەندی کوردی ، ل٤٦ .

* هەندێ جار ئەم پەندە تەنیا دوو بڕگەی یەکەمی بەکاردێت ( بوکێ ساڵێ، بەریدە ماڵێ) . بڕوانە : حەمید گەردی، سامان و پەندی گەردی، ل٦٤ ، یا (بوکا ساڵا ڕا، شەو و ڕۆژ لە دارا ) . بڕوانە : هەمان سەرچاوە، ل٦٣ .

پێچەوانەی ئەمەش بەدی دەکرێت ( بوکی سارێ، گۆلکی سارێ، بزربون لەشاری هەریرێ ) . بڕوانە : عومەر شێخ الله، پەندی کوردی، ل٣٨ . هێماکردنێکە بۆ ئاوەدانی ( هەریر ) و بەمەبەستی نەشارەزایی دێت .

بۆئەوەی هەرچۆنێك بێت ئەم بەشداریکردنەی لادروست بکرێت بەشانازیەوە، چەمکی ئەم پەندە بەشێوەیەکی تر گوزارشتی لێ دەکرێت . ( بوکی دونێ و بوکە شوشە، سالێ تێپەڕی، بوکمان شاژنە، نەك بوکە شوشە)(١٢٢). (سالێك) ڕەمزە بۆ تێپەڕبونی کاتێکی دیاریکراو بەسەرهێنانی بوك، مەرج نیە سالێکی تەواو بێت، بەگوێرەی کەسایەتی بوکەکە دەگۆڕێت، هەیە زوو دەگونجێ و هەشە کاتێکی زیاتری دەوێت بۆ گونجاندن . سەرەتا وەك بوکە شوشە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت و دەپارێزرێت، بەڵام دوای ئەوە شارەزایی دەردەکەوێت و دەبێتە شاژنی ماڵ . لە ئاکامی لێڕاهاتنی لە نێو ئەم خێزانەدا شارەزای ئیش و کارەکانیان دەبێت .

خەسوو لە هەموو کاتێکدا پلەو پایەو قاڵبێکی بۆ داڕێژراوە، ئەگەر خزمیش بێت ئەوا هەمان قاڵبە، تەنانەت کە خزمی لە پلەی ( پلك ، مەتێ، خالەت، ..... هتد ) دەبێ بە خەسوو . گەلێ پەندی وا دروست دەکەن، هەمان ڕۆڵی خراپ و نێگەتیڤ دەنوێنن . زۆربەی کات ئەم وێنانە نێگەتیڤترن لە خەسوێکی ناخزم و بێگانە . بۆ نمونە ( ئەی بوکەکەی ماڵێ مەتێ، سەرت سورەو پات پەتی)(١٢٣)* ئەمەش بەڵگەی پلەو پایەو هەڵس و کەوت و قاڵبی خەسووە ( بوکا خالەتێ، دەکا ئیش و خەلمەتێ ) یا ( بوکا پلکێ، هاویتە بەر پێی گۆلکێ)(١٢٤) .

جۆری پەیوەندی نێوان بوك و خەسوو ئەم سنورەیشی تێپەڕاندووە، کە تەنیا وەك پەیوەندییەکی نێوان ئەم دوو بونەوەرە بێت، زۆر جار بۆ پاڵپشتی کردنی بڕگەی یەکەمی پەندەکە، لە بڕگەی دووەمدا ئەم پەیوەندیە دەکەنە بەڵگە بۆ جەختکردنەوە لەسەر چەمکی بڕگەی یەکەم وەك : (لە هەموو دیزان ئەسکوە، لە هەموو بوکان خەسووە)(١٢٥).

---

([122]) حەمید گەردی، سامان و پەندی گەردی، ل٦٤ئەمە هاوچەمکی(بوکی ساڵێ،بەریدە ماڵێ)بڕوانە:خالید جوتیار،دەشتی هەولێر، پەندو زاری شیرین، ل٣٧ .

([123]) حەمید گەردی، سامان و پەندی گەردی، ل٤٢ .

* ( خالەت ) لە شێوەی کرمانجی سەروو بە خوشکی دایك دەڵێن و( مەتێ) بە خوشکی باوك، بەڵام ( پلك ) لە کرمانجی خواروو بەخوشکی دایك و باوك دەڵێن . هەموو جار پێویستی بە ڕونکردنەوە دەبێت کە خوشکی دایکە یان باوکە، هەرچەندە بەگشتی خوشکی دایك خۆشەویسترە . ئەم پەندە لای کوردەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵت بەم شێوەیەیە ( وەوی ماڵ ماموان گول ناو پەموان، وەوی ماڵ میمکان پەلەپیکان) . بڕوانە : سید عبدالحمید حیرت سجادی، پند پشنان، جلد دوم، ل٥٥٦ .

بەراوردکردنی بوکی مام لەگەڵ بوکی میمك، ئاسمان و ڕێسمانن . لە ڕووی مامەڵەی زۆرچاك و پۆزەتیڤ بەرامبەر مامەڵەی ناخۆش و نێگەتیڤ . یا بوکی خاڵ کە پلەو پایەیەکی باشی هەیە، وەك ( بوکا خالا دەلالییا مالا) . بڕوانە : مەلا مەحمودی دێرشەوی، مشتاخا چیا، ل٦٨ .

لە پەندێکی تردا بەراوردەکە بەم شێوەیەیە ( بوکا ئاپێ کەتە کاپێ، بوکا خالێ دەلالییا مالێ ) . بڕوانە ، هەمان سەرچاوە . یان ( بوکی پوران، کۆلەوژی سەر تەندوران) بوکی پورییان بەو دارە تەشبیهـ کردووە کە نانی برژاوی لە تەندور پێ دەردەهێنرێ . بڕوانە : ڕێبوار جەمال، پەندی پێشینان لە ناوچەی پشدەردا، ، ل٣٣ . بەڵام تەنیا لە پەندێکدا بوکەکە شانازی بەوە دەکات، کە پوری خەسویەتی ( هەسانە سوور، لە مێرگە سوور، بەخۆ بوکم، پلکم خەسوو) . بڕوانە : هۆشیار نوری لەك، گوڵبژێرێك لە پەندی کوردی، ل٥٩.

([124]) سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣ .

([125]) خالید جوتیار، دەشتی هەولێر، پەند و زاری شیرین، ل٧٧ .

نیوەی دووەمی ئەم پەندە گوزارشت لە دەست خستنەکاریو شکاندنی سنوری تایبەتیەکان دەکات . لەوانەیە دەست خستنە کارو بارەکان توندوتیژیشی تێدا بەدی بکرێت . سیفەتی نێو ئەم پەندە پەیوەستکراوە بە خاوەن سیفەتەکە بەشێوەیەك کە نەتوانیّ وازی لیّ بهێنیّ بە هۆی بەکارهێنانی ( هەموو)، واتە وەك بەشێك لە سروشتی کەسایەتیەکەیو هەمیشەیی یە .

تێڕوانینی بەرامبەر بۆ خەسوو جۆرێکە دەچێتە نێو سەرسورمانێکی فراوانەوە . دەرهاوێشتەی ئەمەئەم پەندەی دروستکردووە: (ئەم خەسووە چلێکەین ، لە هەفت گەروان ئاوایکەین، گێرەی قنجرۆکانی پێکەین)[١٢٦]

دوای ئەوەی لە بڕگەی یەکەمدا پرسیاری ئەوە دەخاتە ڕوو کە چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو جۆرە خەسووانە بکرێت، ئەمە کەسێك دروستی کردووە کە ڕق و کینەیەکی زۆری بەرامبەر بە خەسوو هەبووە، لەبڕگەی دووەم و سێیەم چارەسەر دەخاتە ڕوو . یەکەمیان نەهێشتنیەتی بەشێوەیەکی یەگجاری تا ڕزگاریان بێت بەشێوەیەکی هەمیشەیی، دووەمیان ڕەزیل کردنیەتی بەهۆی ئیش و کاری زۆرەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو چارەسەرەکە ڕقێکی کەڵەکە بویان تێدا بەدی دەکرێت .

هەندیّ جار زمانی پەندەکان هەر زمانی خەسوو خۆیەتی، وەك ( خەسوو دەڵیّ : خەسووسم، لەکۆڵانان جاسووسم، خەبەری بووکان دەنوسم)[١٢٧]*

چاودێری کردنێکی توند کراوەتە پیشەی لەکاتێکدا دیسان کەسێکی ڕق هەڵساو لەئاکامی تاقیکردنەوەیەکی دیاریکراو بە زمانی ئەو قسە دەکات . ناشیّ خەسوو خۆی وابەخۆی بڵێت، تەنیا لەیەك باردا نەبیّ ئەویش بەمەبەستی پێشاندان و دەرخستنی تواناو ئاشکراکردنی شتە شاراوەکان .

حاڵەتی بێویژدانی خەسوو بەرامبەر بێدەسەلاتی بووك، جۆرە نادادپەروەری و ناهاوسەنگیەکی دروست کردووە، بۆیە ووتویانە : (خەسوو ئیمانی نیە، بوکیّ زمانی نیە)[١٢٨]، پەیوەندی ئەم دووانە هێندە ئالۆزو تێکچرژاوە، بۆیە هیچ جۆرە گەشبینیەکی تێدا بەدی ناکرێت . مەگەر ( وەختێك بووك و خەسوو ڕێك ئەکەویّ، کە حوشتر بەپەیژەدا سەربکەویّ)[١٢٩]* . لەبەرئەوەی بڕگەی دووەم (حوشتر بەپەیژە سەربکەویّ) وەك

---

([126]) حەمید گەردی، سامان و پەندی گەردی، ل[٤١] .

([127])هەمان سەرچاوە، ل[١٠٥] .

* لەهەندیّ شوێنی تردا بەزمانی کەسێکی دی، دەشیّ وەك چاودێرێك بێت، دەڵیّ : ( خەسوو مارێکی کلك لوسە، لەبووکان جاسووسە) . بڕوانە : عومەر شیخ الله، پەندی کوردی، ل١٣٨ .

([128]) حەمید گەردی، سامان و پەندی گەردی، ل[١٠٥] . ئەم پەندە بەشێوەیەکی تریش هاتووە ( بووکی تونە زار، خاسێیی تونەدین) بە کرمانجی ژوورووەو هەمان مانا دەبەخشیّ، واتە بوکیّ تو زمانت نیە و خەسووش ئاینت نیە، کە دوو بڕگەکە پێچەوانەکراون . بڕوانە : مەلا مەحمودی دێرشەوی، مشتاخاچیا، ل[٦٨] .

([129]) شێخ مەحەمەدی خاڵ، پەندی پێشینان، چ٤، ل[٤١٦] .

* ئەم پەندە لای عەرەبەکان بەم شێوەیەیە ( لوکانت الكنه تحب الحما، النسوان راحن للسما) یا بەواتایەکی تر ( لومرات العم( واتە خەسوو چونکە لە زۆر شوێن بەخەسوو دەڵێن( ژن مام) لە هەندیّ ناوچەی بادینانیش وادەڵێن) . تحب الكنه، كان ابليس دخل الجنه) کە ئەستەمە ئەمەی دووەمیان ڕوبدات، کەواتە یەکەمیشیان نابێت، بۆیە دەڵێن ( الحما حمی)واتە ( خەسوو هەر خەسووە) و خەسوایەتی خۆی دەکات . بڕوانە : نبيهه احمد الزبيدي، الامثال الشعبيه و الواقع الاجتماعي، ص[١٣] .

ئەستەمێك وایەو ڕونادات، بۆیە برگەی یەکەم بەتەواوی ڕەتدەکاتەوە و هیچ پاساوێکی بۆناهێڵێتەوەکە کاتێك دابێت ئەم پەیوەندییەباش وسروشتی بێت،لەبەرئەوەی بە گشتی پەیوەندی ئەم دووانەلەسەر شەڕو ئاژاوە سەرچاوەی گرتووە، زۆربەی شەڕەکانیشی لەسەر ئیش و کارە، بۆیە شەڕەکان زیاتر لەکاتی بوونی ئیش و کاردا ڕوودەدەن . وەك (ڕەشەمێی ڕەشەمێیان دەغڵ بڕاوە لە کەندوان، بەشەڕ دێنێ بووك و خەسوان)[١٣٠]، بەڵام لە پەندێکی کرمانجی ژووروودا هاتووە ( بووکا چێ یە، خاسی دێ یە)[١٣١] . لێرەدا ئامرازی (ئەگەر) لابراوە، چونکە چەمکی پەندەکە ئەوە دەگەیەنێ، ئەگەر بووك باش بێت، خەسوو دەبێتە دایك، کوردیش دەمێکە گوتویانە ( ئەگەرمان چاندو شین نەبوو) کەواتە ( ئەگەر) بەرهەمی نیە، تەنیا پێشنیازێکە و هیچی تر . هۆی بەکارهێنانی واتای ( ئەگەر) بۆ ئەم حاڵەتە دەگەڕێتەوە کە زۆر کەم و ناوازەیەو دەگمەنە . جاری واش هەیە ( خەسوو) بەدیارترین خەسڵەتی چاك پەیوەست دەکرێ، وەك : (خەسووی چاك باشترە لە جوتێك هێستر)[١٣٢]، کە هێستر بۆ کورد و ژیانی کورد دەورێکی باڵای نواندووە، بۆیە تای تەرازوەکە بۆ خەسووە، ئەمە بەڵگەیەکە کە حاڵەتێکی دەگمەنە، بەڵام بوونی هەیە . هەربۆیە ووتراوە ( خەسوو خوەشتی گەرەك نەو )[١٣٣]، واتە خەسوو نابێتە دۆست، ئەمە ڕوویەکی خەسووە، ڕووەکەی تری ( خەسوو خوەشتی گەرەکە)[١٣٤]، واتە خەسوو خۆشیتی دەوێ، کەسانێك کە دڵیان بەبوك سوتاوە لە ژێر دەسەڵاتی پڕ زەبرو زەنگی خەسو، خۆزگەی نەبوونی خەسویان خواستووە ( ئەی خەسوێ خەسوێ، پیرە بزنێ گروێ، بریا خەسوو نەبانا، کورتەك حەفت بەرگ بانا، دا بوك سەربەخۆبانا)[١٣٥] .یا (ئاوێ لە دوای بەڕوێ ،وەکو بوکێ لە بەر دڵی خەسوێ)[١٣٦] خواردنەوەی ئاو لە دوای بەڕوو خواردندا تامی دەم ناخۆش و تفت دەکات،ئەم بارە بە پەیوەندی وتەماشاکردنی خەسوو بۆ بوکەکەی تەشبیه کراوە.ئەم پەیوەندیە هەمیشەو بەدرێژایی مێژوو بە پەیوەندییەکی ناتەبا ئاماژەی پێکراوە بەردەوام بەمشێوەیەیە . تاکو ئێستاش تێڕوانین بەرامبەر بە چەمکی بووك و خەسو گۆڕانێکی وای بەسەردانەهاتووە کە خۆشەویستی ڕاستەقینە ئەم دووانە بەیەکەوە ببەستێتەوە . کوڕ لە نێوانیاندا چەشنی گوریس بووە، کە دایك وەك خەسوو بەلای خۆیدا ڕایدەکێشێ و بوکیش بەلای خۆیدا . ئەم یارییە بەردەوامە* .

---

([130]) حەمید گەردی، سامان و پەندی گەردی، ل١٣٧ . ئەم پەندە بەشێوەیەکی تریش هاتووە : (ڕەشەمە ڕەشکی ڕەشوان، بەتار(بەتاڵ) دەکا چار (چاڵ) و کەندوان، بەشەڕدێنێ بوك و خەسوان) بڕوانە : هەمان سەرچاوە، ل١٣٨ .

([131]) مەلا مەحمودی دێرشەوی، مشتاخاچییا، ل٧٦ .

([132])عومەر شێخەللا،پەندی کوردی، ل١٢ئەم پەندە بەم شێوەیەش هاتووە (خەسوو لە جفتێ گا خاسترە) لێرەدا خەسڵەتی چاکی نەخراوەتە پاڵ، بڕوانە : سید عبدالحمید حیرت سجادی، پندپشنان، جلد اول، ل٢٢٦ .

([133]) سید عبدالحمید حیرت سجادی، پند پشنان، جلداول، ل٢٢٥ .

([134]) هەمان سەرچاوە ، ل٢٢٦ .

([135]) عومەر شێخ الله، پەندی کوردی، ل١٢٣ .

([136]) حەمید گەردی،سامان وپەندی گەردی،ل٢١

* بۆیە عەرەبەکان وتویانە ( عمرها حماه ما حبت کنه) . بڕوانە : مگیع المرابگ، امپال دمشق الشعبیه، ص٦٠ . کەواتە دوژمنایەتیەکی ئاسایی لەنێوان بوك و خەسودا هەیە و ناگۆڕێت ( پیرەمێرد)ی شاعێر ئەم پەندەی ( مەیمون خۆی جوان بوو، ئاو لەشی دەردا) بۆ ئەم پەیوەندییە بەکارهێناوە دەڵێ : ( باڵۆرەی بوك و خەسوی گوێ لێ بوو

بۆیە کچەکەی نەئەدا بەشوو، کەچی کچ دەستی لەدایکی بەردا، مەیمون زۆر جوان بوو ئاوڵەیشی دەردا) . بڕوانە : کەریم شارەزا، پەندی پێشینان لە شیعری کوردیدا، ل١٣٨ . هەروەها عەرەبەکان دەڵێن ( ان الحماة اولعت بالکنة ، واولعت کنتها بالظنة) بڕوانە : ابي فضل احمد الميداني، مجمع الامثال، ج١، ص١٦ .

## ئەنجامەکان

١- لەبەشێکی پەندەکاندا ژن هاوواتای (ناموس) و (شەرەف) یا (شکۆمەندی) خێزان بە پلەی یەکەم و کۆمەڵگا بەپلەی دووەمە، تەنانەت لەیەکتر جیاناکرێنەوە لە هەندێ پەنددا چەمکی (ژن) بەدی دەکرێت کە بە سەلیقە دەناسرێتەوە نەك بوونی ووشەکە خۆی، لەبەشێکی کەمی پەندەکاندا( ئافرەت بەکارهاتووە )، کە بە بەراورد لەگەڵ (ژن) ئەمیان تارادەیەك پۆزەتیڤتر نیشاندراوە، بەڵام ژمارەی ئەو پەندانەی (ژن)یان بەکارهێناوە زۆر زیاترن لە (ئافرەت)، بۆیە دەردەکەوێ کە (ئافرەت) زاراوەیەکی نوێترە لە (ژن) لە ڕووی بەکارهێنانەوە .

٢- پەندەکان دوو جەمسەرن، جەمسەرێکیان ئەرێ یەو لە بەرژەوەندی ژندا وتراون و ئەرك و کارو ڕەوشت و هەڵسوکەوتی ژنیان بەرز نرخاندووە و جیاوازییان لەگەڵ پیاودا پێ نەکردووە و وەکو مرۆڤێکی بەتوانا ستایشیان کردووە، جەمسەرەکەی تر وەکو دروستکراوێکی نامۆ و سەیر مامەڵەیان لەگەڵ (ژن) دا کردووە و بە پەراوێزیان کردون، وەك ئەوەی تەنیا سەرچاوەیەك بن بۆ خۆشی و ڕابواردن ، کەسایەتیەکی لاوەکیان لەژیاندا هەبێت، بەڵام جەمسەرە ئەرێ یەکە فراوانترە لە نەرێ یەکە .

٣- کەسایەتی ژنیان لە بەشێك لە پەندەکاندا وەك سەرچاوەیەك بۆ فروفێڵ و مەکربازی و سەرچاوەی شەڕ و فیتنە و گریان پەیوەستکردووە، ئەم بیرو ڕایانەش بونەتە مایەی دروستکردنی بێ بڕوایی، لە ئاکامی نمونەیەك یا چەند نمونەیەکی کەم ئەم جۆرە بیرانە گشتێنراون .

ئەمە بۆتە مایەی ئەوەی بەشێك لە پەندەکان ژن لە پلەیەکی خوار پیاوەوە بەدی بکەن لە ڕووی زیرەکی و عەقڵ و توانا، کە هێندە شایانی بایەخ پێدان و ڕێزگرتن نەبن و بۆ خزمەتی ئەوی دی بێ و بەس، نەك بۆ خودی خۆی ئەمە لە ڕوانگەی تێڕوانینێکی فەلسەفی لە کۆنەوە سەری هەڵداوەو لای نەتەوەی تریش هەیە .

٤- پەندەکان لە دوو ئاراستەی جیاوازی دژ بەیەك کاریان کردووەو وەك ئەوەی کۆمەڵگا لە دوو سەنگەردا بێت و هەر سەنگەرەی بە بیرو ڕاو باوەڕە تایبەتمەندەکانی دژی ئەوەی تر وەستاوە، دوو ئاراستەی هاوتەریب بوون، واپێدەچێ کەمتر توانیبێتیان قەناعەتی یەکتر بگۆڕن و ببنە یەك سەنگەری ژیان، بۆیە هەر سەنگەرە پارێزگاری لە بیرو بۆچوونەکانی کردووەو لەنێوان (ژن) و (ژان) گفتوگۆو تاوتوێکردنیان ئەنجامداوە .

٥- کۆمەڵگای کوردی لە زۆر ڕووەوە لە کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتیەکانی تر جیاوازە . یەکەمیان لە ڕووی تێڕوانین بۆ ژن بە گشتی و دووەمیان لە ڕووی مامەڵەکردن لەگەڵ هەریەك لە ڕەگەزەکانی کچ و کوڕدا .

٦- لە پەیوەندییەکاندا ئەوەی پانتاییەکی فراوانی گرتبێت، پەیوەندی (دایك و کچ) و پەیوەندی (بوك و خەسو)ە، کە هێڵێکی درێژ بووە یان لە نێو پەنددا هەیە، بنچینەیەکن بۆ پەیوەندییەکانی نێو کۆمەڵ کە لە ڕۆشنبیری کوردیدا (خەسو) بۆتە مایەی ترس و دڵە ڕاوکێ، کەسایەتی خەسوو بەهێزو کاریگەر نیشاندراوە، بەڵام زیاتر ململانێی خەسوو لەگەڵ بوکەکەیدایە واتە (خێزانی کوڕ) نەك لەگەڵ زاواکەی (واتە هاوسەری کچەکەی) .

٧- پەندەکان بەشدارییەکی چالاکی پێکهاتەی کۆمەڵایەتیان کردووە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە، لە ڕووی ڕوخساریشەوە بریتین لەڕستەی چڕی کورتکراوەی بیرێکی فراوان و ڕازاوە بەلایەنەکانی جوانناسی، کە بەهۆیەوە زۆرتر بڵاودەبنەوەو زیاتریش لە مێشکدا جێگیردەبن .

---

الحماة / دایکی هاوسەری ژن . الكنة / بوك ، عەرەب بەژنی کوڕو ژنی برایان دەڵێن : الظنة / تاوانبارکردن . واتە لەنێوان بوك و خەسوو دووژمنایەتیەکی زۆر پتەو هەیە . یا ( ان كانت حماتك بتحبك اعترف لها بسر قلبك) . بڕوانە : ولید ناصیف، الموسوعة الذهبية، ص٩٠ . ئەگەر تەنانەت خەسووت خۆشتی ویست، دەتوانی ڕازی خۆتی لادابنێی ئەمە خۆزگەیەکی دوورە، چونکە بە ( ئەگەر) دەستی پێکردووە

## سەرچاوەکان

**بە زمانی کوردی**


- ئیسماعیل حەقی شاوەیس، قسەی پێشینان گوستاولوبون ، گوتەی مەزنان و فلسفی، چاپخانەی ئەیتام، بەغدا، ١٩٣٣ .
- بەشیر حوسێن سەعدی (وەرگێڕان)، گوڵبژێر، هەزارویەك پەندی ئینگلیزی بە زمانی کوردی، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٥ .
- جگەر سۆز پندرۆیی، ٢٠٠٠ پەند ژ جیهانێ، سپیرێز، دهۆك، ٢٠٠٥ .
- حەمید گەردی، سامان و پەندی گەردی، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چ٢، هەولێر، ٢٠٠٦ .
- حەمید گەردی، گوڵێك لە گوڵستانی کوردستان، پەندی پێشینان، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٢ .
- خالید جوتیار، دەشتی هەولێر – پەندو زاری شیرین، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٥ .
- دیدەوان یەعقوبی، ژن ناسی لە پەندی پێشینادا، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر، ٢٠٠٧ .
- ڕۆهات ئەلاکۆم، د فۆلکلوری کوردی دە، سەردەستیەکەژنان، و / ئازاد عبدالعزیز مزیری، چ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦ .
- ڕێبوار جەمال، پەندی پێشینان لە ناوچەی پشدەردا، چ١، ئینستیۆتی کەلەپوری کورد، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨ .
- سید عبدالحمید حیرت سجادی، پندپشنان، جلد دوم، چاپ أول، مرکزنشر و فرهنگ و أدبیات کردی، انتشارات صلاح الدین أیوبی، تهران، ١٣٧٨ .
- سید عبدالحمید حیرت سجادی، پندپشنان، جلدأول، چاپ أول، انتشارات صلاح الدین ایوبی، تهران، ١٣٦٩ .
- شوکریە ڕەسول (د)، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨ .
- شێخ مەحەمەدی خاڵ، پەندی پێشینان، چ٤، چاپخانەی شڤان، ؟، ٢٠٠٧ .
- عەبد کەیوان، فەرهەنگی پەندی ئینگلیزی (ئینگلیزی، عەرەبی، کوردی)) و / هەرمێن موحسین چینی، پێداچونەوەی / موحسین چینی، چاپخانەی چینی، هەولێر، ٢٠٠٨ .
- عثمان شارباژێڕی، گوڵشەن (هەزارو یەك پەند)، چاپخانەی شمال، کەرکوك، ١٩٦٩ .
- عومەر شێخ الله، پەندی کوردی، دارالحریة للطباعة، بغداد، ١٩٨٠ .
- عیزەدین مستەفا ڕەسول (د)، لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، چ٢، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، ١٩٧٩ .
- ڤەناتی کوردۆ (کوردۆیڤ)، کۆمەڵە تێکستی فۆلکلۆری، پێداچونەوە / د . ئەوڕەحمانی حاجی مارف، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦ .
- کاروان عوسمان، پەندە باوەکان، چ١، ؟، ٢٠٠٦ .
- کەریم شارەزا، پەندی بەراودکاری (لەنێوان ئینگلیزی و عارەبی و کوردی)، چاپخانەی سمیر امیس، بەغدا، ١٩٨٣.
- کەریم شارەزا، پەندی پێشینان لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦ .
- کەمال مەزهەر ئەحمەد (د)، ئافرەت لە مێژوودا (کورتە باسێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی)، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، ١٩٨١ .
- مەحەمەدی مەلا قادر، پەندنامەی ئاوارە(لە ووتە بەنرخەکانی باوو باپیرانە)، چاپخانەی خەبات، ١٩٨٥ .
- مەعروف جیاوك، هەزار بێژو پەند (هزار بی ژو بەند)، چاپخانەی نجاح، بەغداد، ١٩٣٨ .
- مەلا مەعروف شارەزوری، پەندی پێشینانی کورد، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی الحوادث، بەغداد، ١٩٨١.
- مەلا محمودی دێرشەوی، مشتاخاچیا، ژ گوتنێن پێشییا، مطبعة شفیق، بغداد، ١٩٨٠ .
- نەجم ئەڵوەنی، پەندو قسەی نەستەقی کوردی شاری خانەقین، چ١، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠٠٨ .
- هۆشیار نوری لەك، گوڵبژێرێك لە پەندی کوردی، چ١، چاپخانەی چوارچرا، هەولێر، ٢٠٠٦ .

- هەردەوێل کاکەیی، پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی شەبەك، چ١، ئینستیۆتی کەلەپوری کورد، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨ .
- هەردەوێل کاکەیی، داب و نەریتی کوردەواری (ناوچەی گەرمیان)، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٨٩ .

گۆڤارەکان

- بێستون سابورئاوایی، ژن و لێپرسراوەتی، گ/ گەلاوێژی نوێ، ژ (٣)، ئەیلولی ١٩٩٧ .
- جەلیل عەباسی، پەندی پیر، ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ (٦)، ٢٠٠٤ .
- جەمال بابان، قسە هەزارە دووانی بەکارە، دەفتەری کوردەواری، بەرگی یەکەم، بەغدا، کانونی دووەم، ١٩٧٠ .
- دڵسۆز حەمە، تیشکێك بۆسەر بزوتنەوەی ژنان لە کوردستان، گ/ ڕێبازی نوێ، ژ(١)، ١٩٩٥ .
- ڕۆهات ئەلاکۆم، ڕەوشا ژنان د ناڤ گوتنێت پێشیناندە، و / سایب محەمەد، ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ (٢٣) .
- زەیتون شێخانی، پەندی پێشینانمان قۆناغی هەرزەکاری شی دەکەنەوە، گ/ ڕامان، ژ (١٠٣)، ٢٠٠٥ .
- سایب محەمەد، پەندو شیرەت، ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ (٦)، ٢٠٠٤ .
- سەدرەدین خۆشناو، پەندو ئیدیۆم لە ناوچەی خۆشناوەتی، گ/ لاوان، ژ (١)، ١٩٩٢ .
- شوکریە ڕەسول(د)، مێژوی کۆکردنەوەو لێکۆڵینەوەی پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی و هەڵسەنگاندن گ/ کۆڕی زانیاری کورد، بەرگی چوارەم، بەغدا، ١٩٧٦ .
- عومەر شێخ الله، فۆلکلۆر، ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ (٦)، ٢٠٠٤ .
- کەریم شارەزا، ڕەنگدانەوەی دیاریدە هاودژەکان لە پەندی پێشینانی کوردیدا، گ /کاروان، ژ (٦٠)، تشرینی یەکەم و دووەمی ١٩٨٧ .
- کەریم شارەزا، چۆن دژایەتی لە واتای ووشەدا خۆی لە پەندی کوردیدا نواندووە، گ/ ڕۆشنبیری نوێ، ژ (١١٦)، کانونی یەکەم ١٩٨٧ .
- مەهاباد قەرەداغی، لە پێناوی ژیانەوەی ئافرەتدا، بەشی یەکەم، گ/ ڕابون، ژ(١٠ – ١١) ١٩٩٤ .
- هەردەوێل کاکەیی، پەندی پێشینان، ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ (٢٣)، بەشی پێنجەم، ٢٠٠٦ .
- هیمدادی حوسێن(د)، پەندی پێشینانی کوردی بە شێوەزاری هەورامی، ئاسۆی فۆلکلۆر، ژ (٦)، ٢٠٠٤
- هیوا عومەر ئەحمەد، پەندی پێشینانی کوردی، گ/ بەیان، ژ (٥٩)، شوباتی، ١٩٨٠ .

لە زاری خەڵك

- حەنیفە ئەبوبەکر،٥٢ ساڵ،٢٠٠٧/٢/٢٦،سۆران .

بە زمانی عەرەبی

- القرآن الكريم .
- ابي الفضل احمد بن محمد بن ابراهيم الميداني، مجمع الامثال، تحقيق/ محمد ابو الفضل ابراهيم، ج١، ط٢، دار الجيل، بيروت، ١٩٨٧ .
- ابي الفضل احمد بن محمد بن ابراهيم الميداني، مجمع الامثال، تحقيق/ محمد ابو الفضل ابراهيم، ج٢، ط٢، بيروت، لبنان، ١٩٨٧
- احمد مرسي، دراسات في الفولكلور، امثال الشعوب، القاهرة، ١٩٧٢ .
- د . بدرخان عبدالله السندي، جمعها و علق عليها، الحكمة الكردية، جمهرة من الامثال و الحكمة الكوردية، دار الثقافة و النشر الكردية، بغداد، ١٩٨٩ .
- شادي ناصيف، قاموس الحكم والامثال الانجليزية ومعانيها، دار الكتاب العربي، دمشق – القاهرة، ط١، ٢٠٠٩ .

- عكاشة عبدالمنانالطيبى، هدايةشكر، موسوعة الامثال الشعبية، دار يوسف، بيروت، لبنان، ٢٠٠٨ .
- محمد توفيق ووردي، نماذج التراث الشعبي الكردي، ط١، مطبعة العزى الحديثة، نجف، ١٩٧٥ .
- مطيع المرابط، امثال دمشق الشعبية، (من الفلكلور الشعبي)، منشورات وزارة الثقافة، دمشق، ١٩٩٥ .
- وليد ناصيف، اشهر الاقوال و الامثال والمصطلحات الشائعة، ط١، دار الكتاب العربي، دمشق، القاهرة، ٢٠٠٨ .
- وليد ناصيف، طه عبدالرؤوف، الموسوعة الذهبية لامثال الدنيا، ج١، (الامثال الشعبية المصرية)، دار الكتاب العربي، دمشق - القاهرة، ط١، ٢٠٠٩ .
- ياسر خالد سلامة، موسوعة الامثال الشعبية، ط١، دار الصفاء للنشر والتوزيع،عمان،٢٠٠٣

المجلات

- ابوبكر عبدالكافي، البنت في الامثال الشعبية، مجلة التراث الشعبي، (٥ – ٦)، السنة السابعة، ١٩٧٦ .
- نبيهة احمد الزبيدي، الامثال الشعبية والواقع الاجتماعي ، مجلة التراث الشعبي، ع(٢)، السنة الثالثة، ١٩٧١ .

ئینتەرنێت

- www.balagh.com/ الامثال الشعبية
- www.yahoo.com الامثال الشعبية

## ملخص البحث باللغة العربية

ان للأمثال الشعبية الكوردية دور هام في المجتمع لشيوع مساحتها وكثرة انتشارها، ولكونها ثروة قومية و خزيناً شعبياً وذات قيمة ادبية وخير دليل للاحاطة باوضاع المجتمع و تحديد السمات القومية له و قراءة طبقات المجتمع والدرجة الاجتماعية و طبيعة العلاقات القائمة بين الافراد .

يتناول هذا البحث (شخصية المرأة في الامثال الشعبية الكردية) لكثرة الامثال التي تتحدث عن (المرأة) وادوارها المختلفة في الحياة كما يحاول ان يجيب على مدى احاطة الامثال الشعبية الكوردية بوضع المرأة ومدى تحدثها عنها بتوضيح الجانب البشري أو الانساني لمعرفة مصادر نشأة هذه الامثال وحصيلة ثقافتهم .

وطبيعة موضوع هذا البحث اقتضت الاعتماد على منهجين رئيسين وهما المنهج التحليلي والمنهج الوصفى . وصولاً الى الاهداف المنشودة من اجراءه. وقد قسم البحث الى فصلين يصدرهما تمهيد عام بشأن الامثال الشعبية وطبيعة هذا البحث واهدافه و اهميته ومشاكله، وتضمن الفصل الاول المعنون ب ( شخصية المرأة في اطار الامثال الشعبية) و يتكون من موضوعين (شخصية المرأة) و (دور المرأة في الامثال الشعبية).

اما الفصل الثاني الموسوم ب (العلاقات الرئيسية للمرأة في الامثال الشعبية) فيتكون من (علاقة الأم والبنت ) و(علاقة الحماة وزوجة الابن) أختتم البحث باهم الاستنتاجات التي توصل اليها خلال دراسة الموضوع .


## *Abstract*

*Proverbs have their own important role in the society; despite of their nation wealthy and they have literature value.This study is entitled (the personality of woman in proverbs) , because the majority of proverbs talk about women's several different roles . The study consists of two sections: the first one is entitled (the personality of woman around proverbs) and it contains two parts: (the role at woman) and (personality of woman) . The second section is entitled (the main relationship of woman in proverbs, and it talks about (the personality mother and daughter) and also deals with the personality of Bride and mother – in – Low.Finally, the study presents some conclusions besides mentioning those resources witch are used in he study.*